# جەلاد ستەم دەکات
# قوربانی لۆمە دەکرێت



کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕدراوە دەربارەی توندوتیژیی

وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەد حسێن

# جەلاد ستەم دەکات
# قوربانی لۆمە دەکرێت

کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕدراوە
دەربارەی توندوتیژیی

□ وەرگێڕانی
شۆڕش محەمەد حسێن

ناوی کتێب: جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمە دەکرێت

وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەد حسێن

مۆنتاژی کۆمپیوتەرو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

ژمارەی سپاردن: (١٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٥

چاپی بەرگ: چاپخانەی شڤان

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە -٩-

# پێشەکی

دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە، هەر یەکەیان خاوەنی سەرمایەیەکی رەمزی زۆرن، هەندێك جار لەناو دیاردەکاندا قوربانیو جەللاد، یان قوربانیو قوربانی ئەنجامدەر تێکەڵ دەبن، کە قوربانی پلەی سفر، بگرە پلەی پۆخلی لەو کردەیەدا بەدەست دەهێنێت. ئەوەندەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لای ئێمە هەڵگری رەهەندێکی ئەفسانەین، ئەوەندە سەر بەواقعی ژیان نین، واتە ئەوەندەی سروشتێکە بۆ پاکژبوونەوەو بەتاڵبوونەوە، ئەوەندە هۆکارێك نییە بۆ پێدانی مانایەکی نوێ بەژیان، ئێمە لەجیهانێکدا دەژین، ئاشکراکردنی رەهەندەکانو خوێندنەوەی دیاردەکانی تێدا ئاسانە، لەبەر ئەوەی شێوازی بەراودکاریمان هەیە، هەروەها شیکرنەوەی دیاردەکان لەسەر بنەمای تیۆریو ئەکلینیکیو ئەزموونیمان لەبەردەستدایە، کە ئەنجامدانی توێژینەوەی هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی هۆکارو دەرئەنجام.

یەکێك لەو دیاردە زەقانەی ناوکۆمەڵی خۆرهەڵاتیو جیهانی ئیسلامی لەرۆژگاری ئەمرۆماندا، بریتیە لەمەسەلەی کوشتنی ژنان بەناوی سرینەوەی لەکەی شەرەف، واتە ئەم کارە ئەوەندەی رەهەندێکی سروتئامێزی پاکژبوونەوەی هەیە، ئەوەندە فەلسەفەیەکی لەپشتەوەنییە، راستە جۆرێك لەئایدیا لەپشتەوەی کار دەکات، بەڵام مانەوەی بەو شێوە زەقە، بۆ خۆی هۆکارێکە، کە ئێمە ئەو دەرئەنجامەی لێوەربگرین، بیرکردنەوەی مێژووکردنی دێرین، واتە زمانی لەیادکراو، لەنێو ئێمەدا ئامادەیی تەواوی هەیە، یەکێك لەگرفتەکانی ئەم جۆرە

کۆمەڵگایانە، بۆ ئەقلیەتی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری دەگەڕێتەوە، کە زۆرجار لەبیرکردنەوەی جەماوەر دواکەوتووانەترو بەرتەسکترە، لەوانەیە بەشێك لەکۆمەڵگا باوەڕی بەم جۆرە کارەبێت، گرفتی گەورە لەوەدایە حکومەت دەیکاتە یاساو وەك مەسەلەیەکی تەواو شەرعی‌ویاسایی دەیناسێنێت، کەتاکو ئێستاش لەکۆمەڵی ئێمەدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت.

کاك شۆرش محەمەد حسێن، هەستاوە بەوەرگێڕانی کۆمەڵێك وتار لەم بارەیەوە ویڕای دەستخۆشی، هەڵبژاردنی بابەتەکەی بۆ خۆی کارێکی چاکە، لێرەوە، لەم وتارانەوە لەئاستو قەبارەی ئەو کارەساتە دەگەین، کە لەکۆمەڵی عەرەبیدا هەیە کە ئەوانیش هەڵگری هەمان ئایدو بۆچوون لەسەر مەسەلەی شەرەف، کە بەڕای من ئەم کەلتورە، بنەمایەکی رەسەنی لەئایدۆلۆژیای ئەواندا هەیە، بەو سیفەتەی ئێمەش هەڵگری بەشێك لەو کەلتورەی ئەوانین، ئەوا هەمان دیاردە لای ئێمە دووبارە دەبێتەوە، کە ئەوەندە قوڵ دەبێتەوە، نازانین ماکی دیاردەکە بۆکوێ بگەڕێنینەوە.

دیاردەی کوشتنی ژنان بەتۆمەتی ناموسپارێزی، ئەوەندە بەرفراوان بووە، لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا، لایەنگرو بەرهەڵستکاری خۆی هەیە، ئەگەرچی رەووندە نوێیەکانی نێو کۆمەڵ، بەتایبەتی بزوتنەوە مۆدێرن و دیموکراسیخوازەکان، هەروەها بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی ژنان، هەموویان هۆکارو دەرئەنجامی ئەو کارەن، چۆن دەتوانن رێگری بۆ ئەم حاڵەتە دروست بکەن، ئەمیان ئەو پرسیارەیە، کە چەندەها شێوازی کارکردنیان بۆ گرتووەتە بەر، کە لەئێستادا هەموو ئەو بزووتنەوانەی بەرگری لەژن و خودی ژن دەکەن، بەجۆرێك لەجۆرەکان بەخۆرئاوایی یان هێنەری ئایدۆلۆژیای ئامادەکراوی خۆرئاوا تاوانبار دەکرێن، ئەوان

گرنگی بە پێوانەی هیومانیەتی بیرکردنەوەکان نادەن، گرنگی بەو ئامانژانە نادەن کە لەناو ئەو بیرکردنەوانەدا هەیە، بەڵکو ئەوەندەیان لاگرنگە ئەوە فکرەیەکی خۆرئاواییەو ئەیەوێت ئایدۆلۆژیای دێرینی ئێمە تێك بدات.

یەکێك لەو چەمکانەی، ئێمە لەمرۆدا کاری بەراوردکاری پێئە نجام دەدەین، بریتیە لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتی، کە وەك دوو دنیای نامۆ بەیەکتری، مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەین، هەندێك جار مەسەلەکان دەگاتە ئاستی دوژمنکاری، نواندنی کردەیەکی دوژمنکارانە لەگەڵ یەکتر، خۆرهەڵات وا دەڕوانێتە حۆرئاوا، کە سەرچاوەی تێکدان و تاریکی و نامۆییە.

ئەگەر لەزمانی عەرەبیدا تەماشای مانا فەرهەنگیەکەی خۆرئاوا بکەین، مانای وڵاتی نامۆو تاریکی دەگەیەنێت، بەڵام ئێستا خۆرئاوا ئەو شوێنەیە کە هەموو بیرکردنەوە دۆزەخیەکانی بۆ ئێمە دەنێرێت، ئەمە بیرکردنەوەی زۆرێك لەگروپە دۆگماییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێمەیە، هەندێك جار خۆرئاواش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا دەکات، ئەوە تاهەموو شتەکانی ئێمە بەچاوێکی گومانایی یان دواکەوتووانە تەماشا دەکات، وەك ئەوەی لەسەر مەسەلەی فادیمە شاهندالْ کردی، کە گەورەترین راگەیاندنی لەدژی ئەو حاڵەتە ئەنجامدا، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدایە، ئایا فادیمە قوربانیەکی کەلتورە، یان جۆرێکە لەنواندنی توندوتیژی لەلایەن کەسێکی نەخۆشەوە، یان خۆرئاوا بۆ دژایەتی کردنی ئێمە ئەو هەڵایەی لەسەر ئەو کێشەیە ئایەوە؟ هەرچییەك بێت، هەرچۆن خۆرئاوا ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەبێت کەلتوری ئێمە دان بەو هەڵە گەورەو کوشندەیەدا بنێت کە پێیدا تێئە پەرێت و تێیدا دەژی،

دەکرا ئێمەو کەلتوری ئێمە ئەو تاوانەی دژی فادیمە ئەنجام نەدایە، تاکو میدیای خۆرئاوایی ئەو هەرایەی دروست نەکردایە، ناکرێت لەجیهانێکدا بژین و هەموومان باس لەهیومانیەت و تێڕوانینی مرۆیانە بۆ ژیان بکەین، بەلام لایەکمان باوەڕی بەدیموکراتی ناتەواو یان ئازادی نیوە هەبێت.

خەسڵەتی توندوتیژی لەکۆمەڵگای ئێمە، هەڵگری دیدێکی دواکەوتوانەیە، خاوەنی ڕەهەندێکە سەربە مێژووی دێرینی ئێمەیە، واتە توندوتیژی کۆمەڵی ئێمە، توندوتیژییەکە هەمووممان دژی یەك کەس بەکاری دەهێنین، واتە ئەوەی پیاو خاوەنی دەسەلاتەکانی کۆنترۆلکردن و ئاراستەکردنە، دەتوانێت ژن بکاتە ئەو شوێنەی هەموو ئەو ئاراستانەی تێیدا پیادەبکات، هۆکاری سەرەکی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئێمە وەك مرۆڤێکی تەواو تەماشای ژن ناکەین، بەڵکو وەك کارەکتەرێکی نائەکتیف و نائامادە تەماشای دەکەین، کە توانای یان فرسەتی بڕیاردان و قسەکردنی لاوازە، لەبەر ئەوەی خاوەنی کەسایەتیەك و ئەقڵێکی ناتەواوە، هەر لەبەر ئەم خاڵەیە لەسەرەوە ئاماژەمان بەدیموکراسیەتی ناتەواودا، ئەم کتێبەی کاك شۆڕش کە چەند وتارێکی لەخۆگرتووە، دەخوازێت ئەو خەوشانەمان بۆ بخاتە ڕوو. کەسەر بەکەلتوری عەرەبین، بەلام ئێمەش لە هەمان مەسەلەدا هاوبەشین و هەمان گرفت ژیانی ئێمەشی تەنیووە نەك ئەوەندە بۆتە بەشێکی گەورە لەئایدیاو تێڕوانینی ئێمە، بۆتە بەشێکی کاریگەر لەدێدگای ئێمە بۆ ژیان و ژن، لەبەر ئەوە ئەستەمە کۆمەڵگای ئێمە وەك هەموو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان باس لەدیموکراسی و ئازادی بکەن، باس لەو ڕەهەندانە بکەن، کە پێکەوە ژیانمان بۆ مسۆگەر دەکات، ئەوەتا هەموو ئاراستە ئایینیەکانی ناو بواری سیاسی کۆمەڵی ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەن ژن و پیاو دوو بوونەوەرن هەرگیز ناتوانن لەماف و ئەرکدا یەکسان بن، بەلام بیرکردنەوەی هیومانی دنیاگەری ئەمڕۆ پێی وایە، بەهیچ کلۆجێك

ناتوانین بڵێین ئەم دوو مرۆڤە لەئەقڵ و کرداروکارکردندا جیاوازییان هەیە، لێرەدا تێدەگەین، مرۆڤبوونی ئێمە، مرۆڤبوونێکی ناتەواوە لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بەهەموو فکرو ئایدیاو ئەزموونی ژیانی خۆماندا بچینەوە تاکو بتوانین مرۆڤایەتی لەناو پێناسە تەقلیدیەکان دوور بخەینەوە، ئەگەر ئەمانەوێت وەك مرۆڤێك خاوەنی هەستی ئینسانی بین، پێویستە دیاردەکانی ناموسپارێزی و بەهەند وەرنەگرتنی ژن و توندوتیژی لەناو خۆماندا پرۆتستۆ بکەین و کار بۆ نەهێشتنی بکەین، ئەگەرنا، ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنێین ئێمە بەشێك لە مرۆڤبوونمان لەدەستداوە، واتە ئێمە مرۆڤێکی ناتەواوین و پێویستمان بەوە هەیە گۆڕانکاری لەئایدیاو ئەزموونی ژیانماندا دروست بکەین.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی تەواو لەهاورێم شۆرش محەمەد حوسێن دەکەم بۆ ئەم هەوڵەی، کەدەیەوێت لەسەر مەسەلەیەك قسە بکات، کەبەشێکە لە خەوشەکانی کەلتوری ئێمە، هەموو هەوڵێك لەم بوارەدا جێگەی خۆی لەناو کایەی رۆشنبیری ئێمەدا دەگرێت، بەهیوام لەم بوارەدا هەر بەردەوام بێت، تاهەمووان دەتوانین ئەولایەنە لەدەستچووەی مرۆڤبوونمان، بۆ خۆمان بگێڕینەوە، کە ئاشکرایە کایەی رۆشنبیری ئێمە لەم لایەنەدا زۆر لاوازە، هێشتا نەیتوانیوە لەزمانی ئەدەب خۆی قوتار بکات و لۆژیکانە و ماتماتیکانە تەماشای دیاردەکان بکات و بەداتاو ئاماری گونجاو قسەمان لەگەڵ بکات، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم بەهیوای بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد، یەکسان لەماف و ئەرکدا، ئازاد لەژیان و بەدیهێنانی خواستە خودیەکانی مرۆڤدا.

ئاوات محەمەد

2005

# خەمێك

# لەخۆسوتاندنی

# ژنان

لەم ماوانەی دواییدا دیاردەیەکی لەبەرچاوو بەربڵاو زیادی کردووە کەبەتاوانێکی ڤێزەون دادەنرێ، کە ئەویش دیاردەی خۆسوتاندنی ژنانە. ئەم جۆرە خۆکوشتنە بەتەنیا قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنی ژنانی نەگۆتۆتەوە بەڵکو تارادەیەک هەموو قۆناغەکانی ژنانی گرتۆتەوە بەهەموو ئاستە جیاوازەکانیەوە. ئەکرێ بپرسین ئەو پاڵنەرو فاکتەرانە چین کە وا لەژن دەکات ئەمجۆرە خۆکوشتنە هەڵبژێرێت، فاکتەرەکان زۆرن، لەگەڵ ئەوەی کەپاڵنەری ئابووری هۆکارێکی سەرەکییە، بەڵام دەبێ هۆکارەکانیتر لەنموونەی پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتیو دەروونیەکانیش پشت گوێ نەخەین.

ئەو نموونانەی کەلەم چوارچێوەیەدا خۆی نمایش دەکات زۆرن لەوانە: خوێندکارێکی پۆلی دووی ناوەندی کە نموونەی خاوەن رەوشتو توانایەکی باشی لەخوێندن هەبوو، بەخۆسوتاندنی بەرێوەبەرایەتی خوێندنگەکەیو هاوەڵەکانی سەرسام کرد. لەئەنجامدا دەرکەوت، کە هۆکارەکەی ئەو پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتیانە بوو کەنەیدەتوانی رووبەرووی بێتەوە، کەخۆی لەرێکەوتنی خێزانەکەیدا دەبینیەوە، لەشوکردنی بەشێوەی بەزۆر بەبێ ئەوەی راوبۆچونی بەهەند وەربگیرێ، هەر بۆیە خۆسوتاندن بۆ ئەم کچە باشترین رێگەی دەربازبوون بوو لەو گرفتە.

نموونەیەکیتر: ژنێک خاوەن دوومناڵەو مێردەکەی فەرامۆشی کردووەو گرنگی نە بەمناڵەکانو نەبەخۆی دەدات، پاڵەپەستۆ دەروونیو ئابوورییەکانی سەرئەم ژنە گەیشتە ترۆپکو نەیدەتوانی کاربکات چونکە ئاسانکاری بەدەست نەدەهێنا لەوەرگرتنی کارێک بۆ فەراهەم کردنی بژێوی خۆیو مناڵەکانی، هەربۆیە مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە کەچیتر پشت گوێیان نەخاتو ئاگاداریان بێت، بەڵام ئەو دڵرەقانە

دەکەوێتە ئیهانە کردن و لێدانی، لەئەنجامدا دواجار بڕیاری خۆکوشتنی خۆی دەدات بەسوتاندنی جەستەی، تاوەکو لەدەست زوڵم و ستەمی مێردەکەی رزگاری بێت و منداڵەکانی بۆ بەجێ دەهێڵێ. ئامارەکان ئاماژە بەزیادبوونی ئەم دیاردەیە دەدەن بەڕێژەی لە١٠٪، بۆ وەستان لەسەر ئەم کارەساتە دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ کەرەوشی ئابوری و گوزەران بەگشتی لەدابەزیندایە، لەگەڵ ئەوەی کەئەو پاڵەپەستۆیانەش لەزیادبونداں کە ژنان لەم قۆناغەدا رووبەڕووی دەبنەوەو زیادبوونی دەمارگیری دینی و پاڵەپەستۆی کلتورێکی داسەپاو بەسەر ژنانداو کەمی هۆشیاری رۆشنبیری لەلای رۆڵەکانی کۆمەڵگاو کورت کردنەوەی ژیان لەسەر رۆتینی رۆژانەو ترس و دوودڵی لەنادیاریش، هۆکارگەلی تری روودانی ئەم دیاردەیەن. جگە لەوعەقڵیەتە کۆنخوازەی کەپێی وایە ژنان بەتەنیا بۆماڵەوەو خستنەوەی منداڵن بەبێ ئەوەی بەهیچ کلۆجێک راوبۆچوونی بەهەند وەربگیرێ لەکاروبارەکاندا.

# پەندە

# مێلییەکان و

# ژنان

زۆرینەی یاساکان باس لە پارێزگاریکردنی ژنان دەکەن، بەڵام پیاوانی دەسەڵاتدار بەپێچەوانە هەڵسوکەوت دەکەن!

پەندە میللییەکان لە کۆمەڵێک چەمک و بیروباوەڕو سروت پێکدێن، کەلەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە.. ئەوەی کەبەڕوونی دەرکی پێدەکرێت ئەوەیە کەپەندە میللییەکان لەڕووی روانینەوە بۆ مەسەلەی ژن وەک کێشەیەک لەنێوان دوو رەگەزدا باسیلێکراوە، کەپێ لەسەر چارەسەرکردنی دابگرێ و بیکاتە فاکتەرێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو بەردەوامبوونی ژنان. بەڵکو واسەیری ژن کراوە لەپەندەکاندا کە ژن لەخودی خۆیدا (کێشەیە)و پێویستە لەسەر (پیاو)بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات؟!

ئەنگلس دەڵێت: ئەو کاتەی پیاو دەسەڵاتی گرتە دەست و ژن خزێنرایە ماڵەوەو ناهەقی لەبەرامبەری کراو بووە ملکەچێک بۆ ئارەزووەکانی مێردەکەی و بەتەنها بووبە ئامێرێک بۆبەرهەمهێنانی منداڵ ئەو کاتانە شکستێکی مێژوویی و جیهانی رووبەڕووی رەگەزی مێیینە بۆوە).

لەم وتەیەی (ئەنگلس)ەوە تێدەگەین کە ئەو گووتانەی دانران دژی پێگەی ژن لەخۆڕاو هەرەمەکی نەهاتوون بەڵکو لەئاکامی گواستنەوەی کۆمەڵەوە بووە لە(دایسکالاریی)یەوە بۆ (باوکسالاری)واتە بۆ ئەو ساتەی کەپیاو دەسەڵاتی بەدەستهێناو سەرکردایەتی کۆمەڵگەی گرتە ئەستۆ.

هەموو ئەمانەش مانای جیاوازی نییە لەبواری بایلۆژی و سایکۆلۆژی ئەو دوو رەگەزە، بەڵکو ئاکامی گۆڕانی پێگەی ئابووری پیاوو ژنەو بەرەوپێشچوونی رۆڵی ئابووری پیاوە، بەمەش پیاو بووە خاوەن (کار)و خاوەندارێتی ژن و منداڵی پێبەخشرا..هەڵبەت بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەی

خاوەنداریێتییە بەئاراستەیەکی باشدا گوزەربکات و بەردەوامی بەخۆی ببەخشێت، لەسەر پیاو پێویست بوو بگەڕێ بەشوێن پەردەیەکی فکری- ئایدۆلۆژی، سەپێنراودا کە لەرێگەیەوە پاساو بۆ ئیستیغلالکردنی پیاوو دەسەلاتداریێتی بەسەر ژندا بهێنێتەوە.. ئەمەش کۆت و پێوەندێکی دەروونی دروستکرد وایکرد ژن لەناخی خۆیدا ببەستریێتەوەو ئەمەش پالی پێوە بنێت بۆ بەهەند وەرگرتنی رۆلی کلۆل و چەوساوەو پیاویشی کردبە گەورەو فەرماندەرێک و خاوەنی ژن و مندالەکانی.

لەسەر ئەمانە ئەفسانەو خورافات و پەندە میللییەکان گەلاڵەکران، کەسەرجەمیان تەبان لەسەر تاوانبارکردنی ژن، لەهەموو شتێکدا، لەعەقلدا، لەدیندا، لەجەستەدا، لەهەستەکانیدا، لەئینسانیەتدا.

ئاکامەکەشی ئەوەبوو خۆی ئەم بۆچونانەی وەرگرت و هاوکار بوو لەجێگرکردن و دووبارە پەخشکردنەوەی لەدەروونی نەوەکانی خۆیدا بەوەی کەبیرۆکەی پاشکۆیەتی لەکچەکەیدا دەچێنێت و بەپێچەوانەشەوە بیرۆکەی دەسەلاتداریێتی و فەرمانڕەوایی لەکوڕەکەیدا جێگیر دەکات.. جا لێرەدا پێویستە لەسەر ژنان لەدژی ئەم پەندانە رابوەستن ئەویش بێگومان بەوە دەبێت کەمامەلەیەکی یەکسان لەنێوان کوڕوکچەکانیاندا بکەن و هەرشتێک بەڕەوا بزانن بۆ کورەکانیان بابەڕەواشی بزانن بۆ کچەکانیان، بەمەش هاوڕەگەزەکانی بابەڕەواشی بزانن بۆ کچەکانیان، بەمەش هاوڕەگەزەکانی خۆیان لەو میحنەتەی کەناوی (پەندی میللی و خورافات و ئەفسانەیە)قوتار دەکەن.

# توندوتیژیی لەسوید لەنێو ئەو خێزانانەی لەرۆژهەڵاتەوە هاتوون بڵاودەبێتەوە

## چیرۆکی فادیمە شاهیندال کە هەتاکو مردن خۆشەویستی کرد!

کچە کوردی سویدی ڤادیمە شاهیندال تەمەن (٢٦ ساڵ) لەمینبەری پەرلەمانی سویددا لەستۆکهۆڵمی پایتەخت راوەستاو لەبەردەم ئەندامەکانیدا وتی: ئەمڕۆ بانگهێشتکراوم تاوەکو لەبارەی ئەزموونەکانم وەک کچێکی نامۆ کە لەسوید دەژیم قسە بکەم لەژێر یاساگەلێکی ئەم وڵاتەو داب‌ونەریت‌و رۆشنبیرییەکەیدا، هەروەها تاوەکو قسە لەبارەی ئاستەمیی پێکهێنانی هاوسەنگییەک بکەم لەنێوان داواکارییەکانی خێزان‌و ئارەزووەکانی‌و کۆمەڵگەیەکی سویدی کە نەریت‌و روانینێکی جیاوازی هەیە بۆ شتەکان، کەمێک راوەستاو پاشان لەو وشانەی روانی کە بەوریایی‌و توانایەکی گەورە نووسیبووی، وتی: کاتێک گەیشتمە تەمەنی حەوتساڵیی خێزانەکەم لەگوندێکی بچووکی تورکیاوە کە ناوی (بستانە) بەهۆکاری ماددیی سەفەریانکرد بۆ سوید، لەوکاتانەدا کاروبارەکان بەباشی بەرێوەدەچوو، بەلام هەرچەند گەورەدەبووم هەستم بەزیادبوونی مەرج‌و یاساکان دەکرد لەلایەن خێزانەکەمەوە، یەکەم ئاماژەی رێگریم لەلایەن خێزانەکەمەوە لەوێوە سەرچاوەی گرت کە رێگرییان کردم لەتێکەڵاوبوونی هاورێ سویدییەکانم، هەروەک چۆن رێگرییان دەکردم لەبەشداریکردنی ئەو چالاکییانەی کە سویدییەکان پێی هەڵدەستان، ئەم کیژە وتی: داواکاریی سەرەکیی خێزانەکەی، ئەوەبوو کە دوای کۆتاییهاتنی دەوامی خوێندنگەی دەبێت بگەرێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ هاوکاریکردنی دایکی لەراپەکردنی کاروبارەکانی ماڵدا، بەلام قوتابخانە لەلای خێزانەکەم باشبوو تاوەکو لەدواییدا ببمە پردێکی پەیوەندیی لەنێوان ئەوان‌و کۆمەڵگەی سویدیدا، چونکە دایک‌وباوکم نەخوێندەواربوون‌و خێزانەکەم بڕوایان بەوەبوو کە پێویستیم بەوەنییە تایبەتمەندێتییەکی زانکۆیی بەدەستبهێنم، چونکە ئەوەی گرنگیی

بەمێردوو منداڵەکانی دەدات پێویستی بەتایبەتدمەندیی نییە، فادیمە باس لەوە دەکات ئەوکاتەی لەتەمەنی هەرزەکاریدابووە خێزانەکەی هەوڵی ئەوەیانداوە بینێرنەوە بۆ تورکیا تاکو شوو بەکوڕی مامەکەی بکات.

اهەروەک چۆن لەگەڵ خوشکەکانی ترم ئەو شتەیان کربوو، بەلأم هەستم بەوەکرد کە هێشتاکە تەمەنم بچووکەو بەو شێوەیە کامڵ نیم تاکو لەم بوارەدا بڕیاری گونجاو بدەم، سەرەڕای ئەوەی دەمەوێ خۆم هاوبەشی ژیانم دیاریبکەم.

فادیمە ئاماژە بەوە دەدات کە خەونەکانی ئەو جیاوازەو دەیەوێ خۆی پاشەڕۆژی خۆی دیاریبکاتو لەزانکۆ بخوێنێتو کارێکی باش بەدەستبهێنێتو بەکۆمەڵگەی سویدەوە یەکانگیربێت.

پاشان دەڵێ: بەلأم لەیەکێک لەرۆژەکاندا شتێک روویدا کە یاساغبوو روودانی، ئاشنایەتیم لەگەڵ کوڕێکی سویدی کرد ناوی (باتریک) بوو، منوباتریک چووینە نێو پەیوەندییەکی ئەویندارییەوە، یەکەمجار هەستم بەترس کردو وام لەکوڕەکە گەیاند کە نابێت کەسوکارم بەم پەیوەندییە بزانن، لەو شوێنانەش ژوانمان دەبەست کە هەستماندەکرد جێی مەترسی نییە بۆمان.

<u>نامووسی خێزانەکەی لەکەدارکرد</u>

فادیمە ئاماژە بەداب‌ونەریتی کۆمەڵگەکەی دەدات: هەتا ئەمڕۆکە دایکی زاوا دوای یەکەم شەوی هاوسەرگیریی کوڕو بووکەکەی چاوەڕوانیی ئەو پارچە قوماشە دەکات کە خوێنی پێوەیە، تاوەکو بەڵگەیەک بێت بۆ ئەوەی کە بووکەکەی کچ بووە.

لەبەرئەوەی من پەیوەندیم لەگەڵ باتریک هەبوو، خێزانەکەم وا تێگەیشتبوون کە من بەکچێتی نەماومەتەوە بەبڕوای ئەوان کچەکەیان بۆ لەمەولا ناتوانێ شوو بەکوڕێکی کورد بکات، بەڕوانینی ئەوان من نامووسی خێزانەکەم لەکەدارکردبوو، من هەڵەیەکم کردبوو کە لێخۆشبوونی نییە، پیاوانی خێزانەکەم دەستیانکرد بەپەیوەندی پێوەکردنم و هەڕەشەیان لێدەکردم و واشیان پێوتم کە برا بچووکەکەم ئەرکی کوشتنمی پێ سپێردراوە.

<u>بۆچی ئەو بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرابوو؟</u>

-ئەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوبوو، چونکە ئەم برایەم هێشتاکە تەمەنی یاسایی تێنەپەڕاندبوو، هەربۆیە ئەوکاتەی دەمکوژێت دووچاری سزایەکی قوورس نابێتەوە.

دوای تارماییەکی گەورەی هەڕەشەلێکردن، فادیمە بڕیاریدا پەیوەندی بەپۆلیسەوە بکات تاوەکو پارێزگارییەک بەدەستبهێنێت لەبەرامبەر توندوتیژیی خێزانەکەیدا.

بەلام پۆلیس وایاندەزانی خۆم ئەم چیرۆکەم دروستکردووەو ئامۆژگاریی ئەوەیان کردم پەیوەندیی بەخێزانەکەمەوە بکەم و پێیان بڵێم هەڕەشەم لێمەکەن، چونکە ئەمە لەسویددا یاساغە.

لەبەرئەوەی پۆلیس بەرەورووی داواکانی فادیمەوە نەچوو ئەم کچە پەنای بردە بەر هۆکارەکانی راگەیاندن و لەبارەی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەرێتی کەوتە نووسین بەناوی راستەقینەی خۆیەوە.

خێزانەکەی فادیمە بەردەوامبوون لەسەر ناردنی هەڕەشە بۆی و لەکۆتاییدا ناچاربوو داواکارییەک لەدژی باوکی و براکەی پێشکەش

بکـــات‌و دوای ئـــەوەی کـــە دادگـــا بـــەتاوانباری زانـــین فـــەرمانی بەندکردنیدان.

فادیمە بەرەو شاری سندسفالی باشووری سوید هەڵات تاوەکو بەتەنیاو دور لەکێشەکانی خێزانەکەی بژی، پاشان وتارەکەی بەوە کۆتایی پێهێناو لەڕێگەیەوە بەورودو درشتییەکی گەورەوە باسی لەژیانی تایبەتی خۆی کرد: دوای ئەو هەموو شتەی کە روویدا بڕوام بەوەیە کە دەبێت ئەم کارە بەشێوەیەکی تر چارەسەربکرێت‌و لەسەر کۆمەڵگەی سویدی پێویستە بەرپرسیارێتییەکەی بگرنەئەستۆو خێزانەکەم بکاتە بنەمایەکی کارا لەکۆمەڵگەدا بۆ دورکەوتنەوە لەم گرفتانە.

ئەوەی رویدا ناکرێ بەئاسانی خۆمانی لێبەدوربگرین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە مرۆڤ سوود لەم ئەزموونە وەربگرێت تاوەکو ئەم حاڵەتانە دووبارە نەبێتەوە. بەچاوپۆشین لەخەلفیەتی مرۆڤ ئەوا پێویستەو دەبێت ئاسایی بێت مافی هەر ژنێک بێت کە خێزان‌و ئەو ژیانەی هەبێت کە ئاواتەخوازێتی، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە گرەنتی نییە.

پاشان لەچوارچێوەی چەپڵەڕێزانێکی گەورەدا فادیمە لەمینبەرەکە هاتەخوارەوەو حکومەت‌و سەرۆکەکەی سوپاسگوزارییەکی گەورەیان پێشکەشکرد لەبەرامبەر ئەو ئازایەتییەداو فادیمەش بەرەو ژیانە پڕ مەترسییەکەی کەوتەڕێ.

فادیمە وتارەکەی لەئەنجوومەنی نوێنەران لە٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی٢٠٠١خوێندەوە، دوای کەمتر لەدوو مانگ‌و بەدیاریکراوی لەئێوارەی٢١ی کانوونی دووەمی٢٠٠٢ فادیمە لەباشوری سویدەوە هات بۆ شاری ئۆپسالا بۆ بینینی دایک‌وخوشکەکەی‌و ژمارەیەک لەو هاوڕێیانەی

کــە تامــەزرۆی بینینیــان بــوو، ئــەو چــەندجار لــەڕێی هۆکارەکــانی ڕاگەیاندنەوە تامەزرۆیی خۆی خستبووەڕوو بۆ لەباوەشکردنی دایکی، لەئێوارەی ئەو ڕۆژەدا هەموو خۆشەویستەکانی لەماڵی خوشکەکەی لەئۆپسسالا کۆببوونەوە، لەناکاو یەکێک بەتوندی لەدەرگاکەیدا، دایکی فادیمە هەستاو دەرگاکەی کردەوە بینی هاوسەرەکەی (ڕەحیمی شاهیندال)لەپشت دەرگاکەوەیەو دەمانچەیەکی پێیە، دایکی هەوڵیدەدا کە ڕێگریی بکات لەهاتنەژوورەوەی، بەڵام ئەو بەهێزێکی زۆرەوە دەرگاکەی پاڵ پێوەدەناو هاتە ناو ماڵەکەو فیشەکی دەمانچەکەی لەسەر سنگی فادیمە بەتاڵکردەوە، ئەم پیاوە (باوکی فادیمە)خۆیدا بەدەست پۆلیسەوەو دانی بەوەدانا کە لەبەرئەوە کچەکەی کووشتووە تاوەکو ئەو لەکەیە بسڕێتەوە، دادگاش بەبەندکردنی هەتاهەتایی سزایداو پەرلەمانی سویدیش ڕەزامەندیی لەبەرامبەر یاساگەلێک دەربڕی کە داوای لەحکومەت کردبوو بۆ فەراهەمکردنی پاراستنی ئەو کچانەی کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی توندوتیژیی دەبنەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە لەگەڵ ئەوەی کە پۆلیس ڕاستەوخۆ لەوەزارەتی دادەوە فەرمانی وەرگرتووە بەفەراهەمکردنی پاراستنی ئەو کچانەی کە داواکاریی پارێزگاریکردن دەکەن، بەڵام تاکو ئێستا توندوتیژیی بەربڵاوە لەنێوان خێزانە بیانییەکاندا بەتایبەت ئەوانەی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە سوید کە زۆربەیان بەوە دەناسرێن کە لەوڵاتەکانی خۆیانەوە نەهاتوونەتە سوید، بەڵکو بەتەنها ناونیشانی خۆیان لەوڵاتەکەی خۆیانەوە بەرەو شوێنێکی سوید گواستۆتەوەو تاکو ئێستا زۆر دوورن لەکۆمەڵگەی سویدییەوە.

لەسەرەتای ساڵی١٩٩٠ هەتاکو ئەم کاتەمان لەسویددا نزیکەی (١٢)تاوان بەناوی شەرەفپارێزییەوە تۆمارکراوە، بەڵام لەدوای کووشتنی فادیمەوە ساڵانە پۆلیس لەڕێی بنکەکانییەوە زیاد لە(٦٠٠)پەیوەندیی وەرگرتووە کە داوای فریاکەوتن دەکەن.

# جەللاد تاوان دەکات و
# قوربانی لۆمە دەکرێت

لەپیرۆوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ کەنداوی عەرەبیو ئوسترالیاو زمبابۆیو چەندین وڵاتی تر..چارەنووسیان یەکەو موعاناتەکان هاوبەشەو هۆکارەکانیشی لەیەک دەچن.. بەتەنها لەزمانی وەسفکردنەکەیدا جیاوازن، لەگەڵ بەشێکی زۆر کەم لەئامرازەکانی چارەسەرکردن یاخود دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆی..

ئەوانە ژنانێکن بەدەست توندوتیژیی جەستەییو دەروونی لەبەرامبەریان دەناڵێنن، چونکە بەشە لاوازەکەی کۆمەڵگەن.. پێدەچێت یاسا رووکەشانە بیانپارێزێت، بەڵام زۆر جاریش گوناهەکە دەکەنە ملی..بێگومان داکۆکییان لێناکرێت، ئەویش بەهۆی پارێزگاریکردن لەنەریتە باوەکانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمرۆ کە پێویستە رووبەروی ببیننەوە بەوتنی (نا)یەک لەبەرامبەر توندوتیژیی نێرینەو ئەمەش لەبنەرەتدا پێویستی بەوە هەیە کە ژنانیش بروا بەوە بهێنن کەچیدی ئەم ستەمە قبووڵ نەکەن..

توندوتیژیی لەبەرامبەر ژنان فەسڵێکی فراوانی ژیانی هاوچەرخەو لەسەر زنجیرەیەک لەتراژیدیا خۆی دەکاتەوە کە پێدەچێت هیچ کۆتاییەکی نەبێت.. هەروەها خۆی لەکۆمەڵێک چیرۆکی ترسناکدا دەنوێنێت کە لەجیهاندا بەرامبەریان دووبارە دەکرێتەوە، وەک چۆن سەرچاوەکەشی بۆ کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە..توندوتیژیی هەر وەک نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەیدەکات، بریتییە لە: کردارێک کەهەڵگری رەفتارێکی توندبێت لێوەی ئازار یاخود موعانات یان بێ بەشکردنی دەروونی ئازادی لەژیانی گشتی یاخود تایبەتیی لێبکەوێتەوە..

ئەم کارەش شێوەو روخساری جیاوازو بەیەکدا چووی هەڵگرتووەو هیچ سنورێکی جیاکاریی بوونی نییە لەنێوان ئەو توندوتیژییەی بەتوندوتیژیی

خێزانیی یاخود کۆمەڵگە ناودەبرێت، چونکە هەردووکیان درێژکراوەی یەکترین..

ژنانیش کە لەکۆنەوە بەشە لاوازی کۆمەڵگە بوون، کردەکیانە (تلقائی)زۆرترین ڕێژەی توندوتیژیی ڕووبەڕودەکرێتەوە، بەتایبەت کەپیاو لەڕووی مێژووییەوە ڕۆڵی پارێزەری خێزانی پێ داربو.. ئەمەش ئەو هەستەی لەلای پیاو دروستکرد کە مافی دیاریکردنی چارەنوسی ژنی هەیەو پێشتریش گریمانەی ئەوەی کردبوو کە ملکەچی دەبێت و تەسلیمی هەموو ئەو شتانە دەبێت کەپیاو لێی دەوێت و بەلێخۆشبوونەوە توندوتیژییەکانی وەردەگرێت..

پیاو هەر لەسەرەتاوە بەم بۆچوون و ڕوانینەوە گۆشکراو ئەو مامەڵە توندوتیژانەی باوکی دەبینی کەدەرحەق بەدایکی پیادەی دەکرد..هەر بۆیە دواتر هەمان هەڵسوکەوت لەشێوەی نەخۆشییەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتیی گشتیی پیادە دەکات، بەڵام سامناکترین ڕوخسارەکانی توندوتیژیی، ئەو توندوتیژییەیە کە (تاوانەکانی نامووس پەرستی)ناسراوە. کە زۆربەی یاساکان پارێزگاریی لێدەکەن و زۆرتریش لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا بەربڵاوە بەجۆرێک بۆ تاکی خێزانێک هەیە کەهەر کچێکی خێزانەکەی ئازاربدات یان هەڕەشەی لێبکات یان بیکوژێت بەبیانووی پاراستنی نامووس لەلەکەداربوون..پێدەچێت لەسەرتاسەری جیهاندا ئەم دیاردەیە ڕوو لەهەڵکشان و زیادبوون بێت، بەپێی ئەوەی کە (ئەسما جاهاتگیر)ی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تاوانەکانی کوشتن لەدەرەوەی یاسا دەریخست و لەو ڕاپۆرتە ساڵانەییەی کە ساڵی (٢٠٠٠) نووسیویەتی ئەوە دەردەخات کە ئەم تاوانە لەهەریەک لەوڵاتەکانی (بەنگلادیش و بەرازیل و ئیکوادۆر و میسرو هند و

ئیسرائیل و ئیتاڵیاو ئوردن و مەغریب و پاکستان و سوید و تورکیاو ئۆگەنداو بەرتانیا تۆمار کراون.

سەرچاوەکانی یونیسێفیش ساڵی (١٩٩٧) ئەوەیان دەرخست کە لە یەمەن (٤٠) تاوانی کوشتنی ژنان و کچان بەهۆی نامووس پەرستییەوە تۆمارکراوە. هەروەک چۆن لێکۆڵینەوەیەکی ئەردەنیش کە ساڵی (١٩٩٨) بڵاوکرایەوە ئەوەی دەرخست کەتاوانی کوشتنی ژنان بەهۆی نامووس پەرستییەوە لە (٥٠٪)ی ڕێژەی ئەو تاوانانە پێکدەهێنێت کە دژی ژنان پیادە دەکرێت.

توندوتیژیی نانی رۆژانەی ژنانەو تەنها لەو کاتەشدا رادەگەیەنرێت کەئەم توندوتیژییە پەیوەست بێت بەکەسایەتییەکی ناسراو یاخود رووداوێکی ناوازەوە..

کۆنگرەی هەرێمایەتیی تایبەت بە (توندوتیژیی دژی ژنان..رەهەندو هۆکارەکانی..)، کەساڵی رابردوو لەقاهیرە بەستراو نوێنەری (١٥٠) دەوڵەتی عەرەبی بەشداریی تێداکرد، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دیاردەیە لەجیهانی عەرەبیدا زۆر بەربڵاوە.

لێکۆڵیارە ئەمریکاییەکانیش دەڵێن، ئەو گوزارانەی کە ژیان لەوەسفی توندتیژی و ترسەکانیان و ئەو لێبوردنانەی کە پیاوان پێشکەشی دەکەن، بەشێوەیەکی سەیر لەیەک دەچن.. لەگەڵ ئەوەی سەرجەم ئەو وڵاتانە لێکۆڵینەوەکانی تێداکراوە، تائێستا لۆمەی قوربانییەکە دەکەن..

لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی یاساکان باس لەپارێزگاریکردنی ژنان دەکەن، بەڵام پیاوانی دەسەڵات بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەن و هاوکاریی ئەو ژنانە ناکەن کە توندوتیژییان دەرهەق کراوە، بەبیانووی تەدەخول نەکردن لەکاروباری خێزاندا.. هەروەک چۆن خۆیان

بەدووردەگرن لەدەستگیرکردنی جەللادەکەو زۆرجاریش قوربانییەکە مافەکانی خۆی نازانێتو دەستەوەستان دەبێت لەسەلماندنی ئەو توندوتیژییەی دەرهەقی کراوە لەرێی هۆکارە پێویستەکان.. ئەمە جگە لەوەی هەندێک لەیاساکان بەشێوەیەکی ریشەیی دژی ژنن، بەجۆرێک لەپیرۆ ئەو جەللادەی کە بەتاوانەکە هەڵدەستێت بەدووردەبێت لەسزا لەوکاتەی قوربانییەکەی شوودەکات..

سەرەڕای ئەوەی رێکخراوە جیهانییەکان لەنەوەدەکانی چەرخی پێشووەوە دستیانکردووە بەکارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان لەو رەوشەی کەتیایدا دەژینو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری یاساییو رەسمی بۆیان (بۆ نموونە یاسای کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە ٤٤٤)، بەڵام تاهەنووکە رەوشی نێودەوڵەتی وەک کیسەڵ دەجووڵێت، لەکاتێکدا توندوتیژیی لەهەموو چرکەیەکدا ملیۆنەها قوربانی دەچنێتەوە..

بزاڤە فیمینستەکانی جیهانیش رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەناساندنی گرفتەکانی ژناندا، ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی (١٩٧٥)ی بەساڵی ژنان دیاریکرد، پێنج کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بۆ ئەم مەبەستە سازکرد، لەهەر یەک لەمەکسیک (١٩٨٧٥)و کوبنهاگن (١٩٨٠)و نایرۆبی (١٩٨٥)و بێجینگ (١٩٩٥)و (٢٠٠٠)..

لەوولاتانی عەرەبیشدا کۆمەڵەکانی تایبەت بەژنان بۆ فەراهەمکردنی مافەکەکانی ژنان، یاسایەکی چالاککردن لەژمارەیەکی گەورەی ولاتانی عەرەب (کوێت، بەحرێن، ئوردن)و رۆڵێکی باشی گێڕا بۆ گرتنەخۆی ئەو ژنانەی کەتوندوتیژییان دەرحەق کراوەو سایتی (أمان)ی ئەلیکترۆنی لەساڵی (٢٠٠١)دا کردەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەیانکردەوەو

هاوبەشییان دەکرد، گەیشتە (٤)ملیۆن کەس، هەروەک چۆن پرۆژەی هاوبەشی بنیاتنا ب پاراستنی ژنان..

لەبەرامبەردا نەریتە کۆمەلآیەتیە باوەکان بەهێزەوە مانەوە، هەروەها نوێنەرەکانی ئێران و میسرو سودان و چەند دەوڵەتێکی تریش رێگربوون لەگەیشتنی لیژنەی تایبەت بەرەوشی ژنان لەنەتەوەیەکگرتووەکان بەربرپارێکی بەرجەستەکراوو تیایدا نوێنەرەکەی ئێران و دوو نوێنەری تر ئیعتزازی حکومەتەکانیان تۆمارکرد لەسەر برگەی (اسفرا) کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە دەوڵەتەکان پرۆتستۆی کاری توندوتیژیی بکەن دژی ژنان و پابەندنەبێت بەهیچ نەریت یان تەقلیدو پێودانگی ئاینی..

ئەگەر حکومەتەکان دەستەوەستان بن لەروو بەرووبوونەوەی نەریتە کۆمەلآیەتییەکان، ئەوا چارەسەر بەتەنیا بەوە دەبێت وەک ئەندامی رۆشنبیری و کۆمەلآیەتی ئێرانی (زهرا ئاملشی)خێزانی ئەحمەد مونتەزەریی کوری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیی بەناوبانگ وتی: "دەبێت بەپیاوانی لەخۆبایی و بیرتەسک بڵێین، (انا) پاشان وا لەو ژنانە تێبگەیەنین کە دووچاری ستەم دەبن کەستەم قبووڵ نەکەن".

# توندوتیژی

# دژی ژنان

توندو تیژی دژی ژنان کە بە توندوتیژی نێوان کەسایەتیەکان دەناسرێت تاوانێکە لەتاوانەکانی هێزو جڵەوگیری و ئەم توندوتیژیە لەچوارچێوەی ژمارەیەکی جیاوازی جۆرەکانی پەیوەندیدا دروست دەبێت و شێوەی جیاواز وەردەگرێت و دەشێت لەنێوان ژن و مێرد یاخود خوشک و برا یان هاوڕێ و نێوان دوو کەس ڕوبدات کە جۆرە پەیوەندیەک پێکیانەوە گرێ بدات.

هەروەک چۆن دەشێت بەساڵاچووەکانی نێو خێزان ڕوبەڕووی جۆرە مامەڵەیەکی خراپ ببنەوە لەلایەن کەسە نزیکەکانیانەوە.

لەزۆربەی ڕوداوەکانی توندوتیژییدا کە لەنێوان ژن و مێردەکاندا ڕوەدات پیاوان بە هەڵسوڕێنەری سەرەکی دادەنرێت، بەپێی ئەو ئاکامانەش کە لێکۆڵینەوەیەک پێی گەیشتووە کە لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان لە (تەمموز/یۆلیۆی ٢٠٠٠)سازکراوە ئەوا لە ٣٠,٤٪ لەو ژنانەی کە شویان کردووە یاخود لەگەڵ پیاواندا ژیانیان بردۆتە سەر، دانیان بەوەداناوە کە لەپێش هاوسەرگیریان ڕوبەڕووی لاقەکردن و ئازاردانی جەستەیی بونەتەوەو لەبەرامبەردا لە ٧٠,٧٪ی ئەو پیاوانەی کە ژنیان هێناوە دانیان بەوەدا ناوە کە لەلایەن ژنەکانیانەوە روبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە.

لەپەیوەندییە ستەمکاریەکاندا کەسی خراپەکارو تاوانبار دەشێت چەندین جۆر لەشێوازو تەکنیک بەکاربهێنێت جگە لەتوندوتیژی، لەپێناوی پارێزگاریکردن لەهەیمەنەو جڵەوگیرکردنی قوربانیەکەیی و لەم بوارەشدا دەکرێت سێ جۆر لەمامەڵەی ناتەندروست و خراپ دیاری بکەین.

ئازاردانی جەستەیی:- دەشێت ئازاردانی جەستەیی بەڕاکێشان دەست پێ بکات، یاخود قسەی ڕەق، یاخود پاڵنان و لەهەندێ کاتیش بەرەو هێرشی زۆرتر سامناک و دوبارەبووەوە پەل بهاوێت وەک:- تێهەڵدان، مستەکۆڵە پیاکێشان و گازگرتن، فڕێدان یاخود دەست درێژی سێکسی.

لەگەڵ ئەوەی کە دەست درێژی جەستەیی و سلوکی دوژمنکارانە دەشێت لەسەرەتاوە هەڕەشە لەژیان نەکات، بەلام ئەو دووانە دوو مەسەلەی فرە گرنگن و نابێت پاساوی بۆ بدۆزرێتەوە تاوەکو ئەم خراپ مامەڵەییە نەبێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە بۆ ژنان و تیایدا هێرش بکرێتە سەر ژنەکە وەک هەوڵدان بۆ خنکاندنی، یاخود شکاندنی ئێسکەکانی، یاخود بەکارهێنانی چەک لەدژی.

دەست درێژی سێکسی:- دەست درێژی سێکسی زۆرجار توندوتیژی سێکسی هاوەڵی دەکات و ئەو کاتەی کەژنێک ناچار دەکرێت بە بەشداریکردن لەپرۆسەیەکی سێکسیدا بەبێ ڕەزامەندی خۆی، ئەوا ئەمە بەدەست درێژی سێکسی دادەنرێت.

خراپەکاری دەروونی:- زۆرجار ئەم دیاردەیە بەتوندوتیژی عەقلی ناودەبرێت و دەشێت ئەم جۆرە توندوتیژییە بریتی بێت لە خراپەکاری زمانەوانی بەردەوام، وروژاندن، داگیرکردنی لەرادەبەدەر واتا دور خستنەوەی ژنەکە لەهاوڕێ و کەسوکارەکەی، بێ بەشکردنی ژنەکە لەسەرچاوەی ئابوری و سروشتی و شکاندنی کەسایەتی ژنەکە. دەشێت کەسی خراپەکار هەستێت بەشکاندنی شتەکانی دەوروبەری یاخود ئازاردانی ئاژەڵەماڵیەکان یاخود قوربانیەکەی، دەشێت ئەمە گەشە بکات بۆ ئازاردانی جەستەیی و هەندێ لە گروپی ژنمان هەیە زیاد

لەژنانی تر ڕوبەرووی مەترسی توندوتیژی دەبنەوە، کە بەپێی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا ئاوها پۆلێن کراوون:

١-ڕەبەنەکان، ئەوانەی لەپیاوەکانیان جیا بونەتەوە یاخود تەڵاقدراوەکان یاخود ئەو ژنانەی بەنیازی جیابوونەوە یاخود بەدەست هێنانی تەڵاقن.

٢-ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٧-٢٨)ساڵدایە.

٣-ئەوانەی خوو گیربوون بەمادە بێهۆشکەرو کحولیەکان یاخود ئەوانەی مێردەکانیان ئەم ماددانە بەکار دەهێنن.

٤-ژنە دووگیانەکان.

٥-ئەو ژنانەی مێردیان بەپیاوانێک کردووە لەڕادەبەدەر خاوەن ئیرەیی و حەزی داگیرکردنی ژنەکانیانن.

لەمانگی (تەمموز/یوٖلیۆی ٢٠٠٠)ئەنستیوتی نیشتمانی ئەمریکی بۆ دادپەروەری و بنکەکانی قەڵاچۆکردنی نەخۆشیەکان لەئەمریکا بەهاوبەشی ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگەکەیان نمایش کرد لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان و ئەم لێکۆڵینەوەیە چاوپێکەوتنی هەشت هەزار ژنی ئەمریکی لەخۆگرتبوو کەلەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجامدرابوو لە ناوچە جیاجیاکانی ولاتەکە لەگەڵ هەشت هەزار پیاو لەبارەی باسکردنی ئەزموونەکانیان لەتوندوتیژی لەگەڵ هاوبەشەکانی ژیانیان. بەپێی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە کە لەوکاتەدا لەولاتە یەکگرتووەکان (١,٥)ملیۆن ژن و نزیکەی (٨٣٤٨٣٢)پیاو ساڵانە لەلایەن هاوبەشەکانی ژیانیانەوە ڕوبەڕووی لاقەکردن یاخود ئازاردانی جەستەیی بونەتەوە.

بەوپێیەش کەهەندێ لەقوربانیەکان زیاد لەجارێک ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە، ئەوامەزەندەی ئەوەدەکرێت ساڵانە لە ولاتە

یەکگرتووەکاندا نزیکەی (٤,٩)ملیۆن حاڵەتی دەست درێژی لەسەر پیاوان ڕوودەدات.

ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە ئەم سەرژمێریانە حسابی ئەو هەموو خراپەکاری‌یە دەرونیانە نەکردووە کە بەئاستەم دیاری دەکرێت لەچاوو توندوتیژی جەستەیی یاخود سێکسی.

لەساڵی _۲۰۰۱ دا ڕوپێویەک لەبارەی ئەو مەترسیانەکرا کە ڕوبەڕووی گەنجەکانی (مساشو ستس)ی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێتەوەو لەئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە لەهەر پێنج کچێکی خوێندکاری قۆناغی ناوەندی یەکێکیان ڕووبەڕووی دەست درێژی جەستەیی یاخود سێکسی بۆتەوە لەلایەن هاوڕێیەکیەوە.

هەروەک چۆن ڕوپێوییەکە ئەوەشی دەرخست کە نزیکەی لە (٥٪)ی ئەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوەو لە (٦١٪)ی پیاوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانیان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕوبەرووی دەست درێژی بونەتەوە.

بەپێی ئەو مەزەندانەی کە لێکۆڵینەوە کە پێی گەیشتووە ساڵانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان زیاد لەنیو ملیۆن ژن‌و نزیکەی (۲۰۰۰۰)پیاو ڕوبەرووی سزادان دەبنەوە لەلایەن هاوبەشەکانی ژیانیانەوە.

پێدەچێت ژنێک بناسیت‌و لەلایەن مێردەکەیەوە ڕوبەرووی توندوتیژی بێتەوە، بەڵام ماڵەکە بەجێ نەهێڵێت، ئەمەش ببێتە هۆی سەرسوڕمانت، بەڵام ئەوەبزانە ئەو مەسەلەیە کە پەیوەستە بە بەردەوامبونی پەیوەندیەکە سەرەڕای بوونی توندوتیژی زۆر لەوە ئاڵۆزترە،

توندوتیژی لـەنێوان پیاوژندا وەک هێڵێک لەسلوکدا ڕودەدات کەناو دەبرێت بە (بازنەی توندوتیژی)و ئەم بازنەیەش ئەم قۆناغانە لەخۆدەگرێ.

قۆناغی یەکەم: کەڵەکەبوونی توندوتیژی:- دەشێت کەسی دەست درێژیکار هەستێ بەهەڕەشەکردن لەقوربانیەکەی یاخود پاڵپێوەنانی، زۆر جاریش کاردانەوە لەلایەن قوربانیەکەوە دەردە پەڕێت کەخۆی لەکارکردنی تاقەت پڕوکێن دەنوێنێت تاوەکو مێردەکەی هێمن بکاتەوەو دەشێت قوربانیەکە لەم قۆناغەدا وا هەست بکات کە دەتوانێ چارەسەری ڕەوشەکە بکات بەبێ ڕودانی توندوتیژی، بەڵام هەوڵەکانی وەک باوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

قۆناغی دووەم: ڕودانی توندوتیژی: دەشێت کەسی دەست درێژیکار هەستێ بەلێدانی ژنەکە یاخود پاڵێوەنانی‌یان بەکارهێنانی چەک لەدژیو ژیانی قوربانیەکە لەم قۆناغە ڕوبەرووی گەورەترین مەترسی بێتەوە.

قۆناغی سێهەم: قۆناغی مانگی هەنگوینی:- کەسی دەستدرێژیکار هەڵدەستێ بەداواکردنی لێبوردن لەقوربانیەکەیو بەڵێنی پێ دەدات کە چیدی ئازاری نادات‌و هەڵسوکەوتی لەو شێوە نانوێنێت‌و زۆر جاریش ژنەکە لەمێردەکەی دەبورێت‌و لێی خۆش دەبێت، بەڵام قۆناغێکی گرژی تر سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە بەمەش بازنەی توندوتیژیەکە تازە دەبێتەوە.

ئەگەر تۆ یەکێکیت لەبەندکراوەکانی نێو ئەم بازنەیە، ئەوا بچۆرە لای یەکێک لەتایبەتمەندە کۆمەڵایەتیەکان (توێژەری کۆمەڵایەتی) یاخود

پزیشکە دەروونیەکان تاوە کوهاوکاریت بکەن ورێگری بکەن لەڕوودانی کارەساتێک لەناو خێزانەکەتدا.

دەشێت ئەوە لەبیر نەکەین کە کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی هەیە کە بەر بەستن لەبەردەم ژنان بۆ کۆتایی هێنانی پەیوەندی بە هاوبەشەکانی ژیانیان بەهۆی توندوتیژیەوە، لەو فاکتەرانەش:

پێویستی سەرچاوەی دارایی: زۆرێک لەژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە هاوکاری منداڵەکانیان دەکەن پێویستیان بەسەرچاوەی دارایی هەیە بەڵام زۆربەی زۆری موڵکداریێتی موڵک ومالەکان و سەرچاوە دارایی و ژیانیەکان بەناوی پیاوەوە تۆمار کراون.

فاکتەرە موئەسسیەکان: بەجۆرێک کە راوێژکاران و تەنانەت پیاوانی ئاینی هەوڵی رزگارکردنی پەیوەندییە هاوسەریەکە دەدەن بەهەر نرخێک بێت و هەروەها پۆلیسیش لەزۆربەی کاتدا ژن بەقوربانی دانانێت بەڵکو وەک لایەنێکی ناکۆکیە کە لێی دەڕوانێت.

ئایدۆلۆژیای تەقلیدی: زۆرێک لەژنان بڕوایان بەوە نیە کە تەڵاق ئەلتەرناتیفی هاوسەرگیرییەکی پڕ لەتوندوتیژی بێت، ئەگەر بێتو منداڵیش لەنێوانیاندابێت، ئەوا پێدەچێت وا لەژنەکە بکات کەبڕوا بەوە بهێنێت کە باوکێکی توندوتیژو دڵ ڕەق باشتربێت لەهیچ و زۆر جاریش ژنان زیاد لەپیاوان هەست بەبەرپرسیاریێتی شکستی ژیانی هاوسەریێتی دەکەن.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە قوربانیەکانی توندوتیژی لەژنان بەهۆی مێردە لەخۆ باییەکانیانەوە لەخێزان و هاوڕێکانیان گۆشەگیردەبن، ئەوا لەزۆربەی کاتەکاندا پەنا بۆ پاساودانی ئەو توندوتیژیە دەبات کە مێردەکەی بەرجەستەی دەکات و هۆکارو لۆمەکە

دەخاتـە سـەر بـارودۆخی ژیـان یـاخود خووگرتنـی بـەکحولو مـاددە بێهۆشکەرەکان یاخود گرژی باری دەرونیو هۆکارەکانی تر، لەقۆناغی مـانگی هـەنگوینیش لـەچوارچێوەی بازنـەی توندوتیژیەکـەدا دەشـێت دەسـت درێژیکـار بـڕوا بەقوربانیەکـەی بـهێنێت کـە ئـەو بەراسـتی پەشیمانەو جارێکی تـر ئـازاری نـادات‌و دەشێت ژنەکـەش بـڕوا بـەوە بهێنێت کە مێردە توندوتیژەکەی لەبنەڕەتدا کەسێکی باشە.

ترس لە لەدەستدانی منال:- ئەمـەیان ترسێکی گەورەیە بۆ ژنـانو منالانو قوربانیانی ژنان بڕوایان وایە ئەگەر مال بەجێ بهێلێت ئەوا ئەم کارەی دەبێتەهۆی بێبەش بوونی لەمنالەکانی.

پـەیوەندیکردن بـەژنانی قوربـانی توندوتیـژی دەشـێت شـتێکی ئاستەمو پڕ زەحمەت بێت، بەلام ئەمانەی خوارەوە کۆمەلە شتێکن کە دەکرێت پێیان بوترێت:

من دەترسم/ لەژیانت دەترسیت.

من دەترسم/لەژیانی منالەکانت دەترسیت.

کارەکان بەرەو خراپتر دەچن.

تۆ شایستەی لەمە باشتریت.

بەدوای پلانێکی وادا بگەڕێ کە بۆ تۆ گونجاوبێت.

بـیر لـە ڕوداوەکـان بکـەرەوە لـەپێناوی ڕاوەسـتاندنی بازنـەی توندوتیژی.

ئاوانی

نامووسپاریزیی

ئاوانێک ئاگ

دەیکاتو

بەرگریکردنەکە

بەکۆمەڵ دەکرێت

تـاوانی نامووسـپارێزیی بـەهۆی توانـایی یاسـایی‌و کۆمەڵایـەتی‌و ڕۆشنبیریی بۆ دەربازبوونی هەڵسوڕێنەرەکەی لەسـزا گەشە دەکـات، لەسەر ئاستی یاسایی زۆربەی دەوڵەتـە عـەرەبی‌و موسڵمانەکان کە ئەم جۆرە تاوانەیان تێدا بڵاودەبێتەوە لەڕووی تەشریعییەوە لەم بارەیـەوە ئاسانکاریی بۆ کەسی تاوانبار دەکەن.

هەروەک چۆن نەریتە کۆمەڵایەتییەکان وا دەڕوانێتە هەڵسوڕێنەری ئـەم تـاوانی ناموسپارێزییە وەک ئـەوەی پاڵـەوانێک بێـت‌و سـومعەی خێزانە بچووکەکـەی‌و لەهەمانکاتدا خێزانە گەورەکـەی کـە کۆمەڵگەیـە ڕزگاردەکات.

سەرەڕای ئـەو ڕۆشـنبیرییە بـاوەی کـە لەکۆمەڵگـەی ئـەم وڵاتانـەدا هەیە کە زۆرکەم ئینسافی هەیە بەرامبەر ژنـان چ لەکارکردندا یاخود لەماڵدا یان لەهەڵبژاردنە زاتییەکانی خۆیدا، بـەجۆرێک ژنـان زۆربـەی کـات ڕووبـەڕووی چەندین شێوازی توندوتیژیی‌و ستەمکردن دەبنـەوەو تـاوانی ناموسـپارێزییش یـەکێک لـەدیاردە هـەرە توندەکـانی ئـەم مامەڵەکردنە پێکدەهێنێت.

کەشێکی ئاوها هاوکـاریی دەکـات لەگەشـەکردنی چەوسـاندنەوەی ژنان‌و زیادبوونی تاوانەکانی ناموسپارێزیی.. ژنـان بەپێی(تەکنیکەکانی) ئەم تاوانـە بریتـین لەجامۆڵکـەی شـەرەفی ئـەو پیـاوەی کـە موڵکداریی دەکات‌و باوکی یان بـرای یـان مامی‌و... هتد پێکدەهێنێ، لەئاکامیشدا بـەتاوانبار دادەنرێـت، لـەکاتێکدا بکوژەکـەی بـەقوربانیی لەقەڵـەم دەدرێت، چونکـە ناموسـی پـێ لەدەسـتداوەو ئیهانـەی پێکـراوە، بۆیـە دەبێت ئەم ئیهانەکردنـە بسـڕێتەوەو ناموسـی ڕزگاربکـات!! ئەمـەش ڕاڤـەکاریی ئـەوە دەکـات کـە بۆچـی بەتەنـها نێرینـە هەڵدەسـتێ

بەجێبەجێکردنی دادوەریی بەدەستی خۆی لەکاتێکدا کە بابەتەکە پەیوەستە بەمەسەلەی ناموسەوە.

ئەو ژنانەی تاوانبارن و گومان هەیە لەهەڵسوکەوتەکانیان بەدیهێنەری لەکەن بۆ ناموسی ئەو خێزانەی کە نێرینە بەرپرسیارێتی!! بۆنموونە جیاوازیی نییە لەنێوان ئەو ژنەی تاوانبارەو ئەوەی کە تاوانی بەناهەقی خراوەتەپاڵ، چونکە لەهەردوو بارەکەدا لێدوان و قسەی کۆمەڵگە سومعەی خێزانەکە لەکەدار دەکات و دەبێت ئەم ئیهانەیە بسڕێتەوە.

ئەمەش ئەو شتەیە کە راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی گشتی جەختی لەسەر دەکاتەوەو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ گرنگییەک لەئارادا نییە لەنێوان ژنێکی تاوانبار بەبەستنی پەیوەندیی سێکسی و ناشەرعیی و ژنێک کە گومان هەیە لەبەستنی ئەم جۆرە پەیوەندییەدا. ئەو شتەی کە پیاو نیگەران دەکات روانینی ئەوانی ترە بۆی لەچوارچێوەی ئەو سستمەش کە ئەم روانینەی تیادا بەربڵاوە ئەوا ئەو کۆمەڵگەیەی کە نغرۆی نێو نەریتەکانە پێشبینی ئەوە دەکات پیاو تۆڵەبکاتەوە لەناموسە لەدەستچووەکەی، گەر پیاوێکیش بەم کارە هەڵنەستێ ئەوا لەکەو ئیهانەکانی نێو روانینی کۆمەڵگە بۆی زیاددەکات.

گەر وا نەکات ئەوا وەک ئەوە وایە سەرتاپای کۆمەڵگەی ئیهانەکردبێت و ئەو رۆڵە دیاریکراوەی بیرچوبێتەوە کە لەنەریتی ئەم کۆمەڵگەیەدا بۆی دیاریکراوە.

بەم مانایە ئەوا تاوانی ناموسپارێزیی بەتەنها تاوانێکی فەردیی یان خێزانیی نییە ئەگەر روکەشانەش لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم چوارچێوەیەی وەرگرتبێ، بەڵکو ئەمە تاوانێکە کۆمەڵگەو سستم پاڵنەری

سەرەکیی جێبەجێکردنین، یەکەمیان بەهۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییەوەو دووەمیان بەهۆی ئاسانکاریی یاساییانە لەدەربازکردنی تاوانبار لەسزایەکی گونجاو.

کۆمەڵگە پاڵ بەتاوانبارەوە دەنێت بۆ کردنی تاوانەکەیی و سستمیش ئاسانکاری بۆ دەکات و هۆکارێکی سووکی دەداتێ بەجۆرێک سزاکەی وەک گاڵتەجارییەک بێت لەچاو سامناکیی و قێزەونیی تاوانەکەیدا.

کۆمەڵگەو سستم پێشتر کۆکن لەسەر سوککردنی سزای تاوانبار، چونکە ئەو نوێنەرایەتییان دەکات و لەبۆچوونی ئەواندا تاوانبار تەنها بەئەرکێکی کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی هەستاوە.

لەبەدواداچوونێکی تەلەفزیۆنیدا کەادیانا مقلد لەسەر تاوانی ناموسپارێزیی لەئوردن ئامادەی کردبوو، گەنجێک کە پێشتر خوشکەکەی خۆی کوشتبوو، دانی بەوەدانا کە نەیدەتوانی لەئیدانەکردنی کۆمەڵگە دەربازبێت، ئەگەر بەو کارە هەڵنەسایە کە کۆمەڵگە خستبویە ئەستۆیی و دانی بەوەشدانا کە ئەو خوشکەکەی خۆی کوشت نەک بۆ ئەوەی دەربازبێت لێی، بەڵکو تاکو لەڕوانینەکانی کۆمەڵگە بۆی رزگاری بێت.

ئەمە نموونەیەکی توندە لەبارەی چوارچێوە کۆمەکییە شاراوەکانی تاوانی ناموسپارێزیی، ئەم تاوانە لەڕووکەشدا تەنها کەسێک پێی هەڵدەستێ، بەڵام بەناوی سەرجەمی کۆمەڵگەوە، واتا تاوانێکە تاک دەیکات و بەرگریکردنەکەش بەکۆمەڵ دەکرێت.

# چی وای کردووە

# ئاوانی

# ناموسپاریزی

# لەسعودیە

# روونەدات؟!

مەسـەلەی کچـە بێـژەری سـعودی(رانیـا بـاز)کەلەلایـەن مێردەکەیـەوە(محمـد بکـر یونـس)دووچـاری لێدانـی جەسـتەیی بـۆوە دادەنرێت بە بەناوبانگترین حاڵەتی توندوتیژی کەدژی ژنانی سعودیە لـەم دەیـەی کۆتـایدا بەرجەسـتە کرابێـت سـەرەڕای ئـەوەی یونـس هـەوڵی ئـەوەیدابوو کـەرانیا بکوژێـت نـەک بەتەنـها لێـی بـدات، بەجۆرێک(رانیا)دەڵێ:لەوکاتەوەی وازم لەکاکردن هێناوە، مێردەکەم زۆر بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، بەڵام ئەولەدواجاردا هەوڵی ئەوەیدا بمکوژێت ئەرا مەسەلەکەی بەتاوانی نامووس پارێزی ئەژمارد ناکرێت، چونکـە وەک ئـەو لـەبارەی ئـەم هەڵسـوکەوتەی مێردەکەیـەوە ووتـی: حاڵەتێکی دەرونیەو هەندێ جار پیایدا گوزەردەکات.

ئەگەر حاڵەتەکەی رانیا بەبیانووی ئەوە جیابکرێتەوە کە مێردەکەی نەخۆشی دەرونیە، ئەوا جیاوازی کردن لەگەڵ ژنان و لەهەندێ کۆمەڵگە توندرەوەکـاندا بەپاڵنـەرێک دەمێنێتـەوە بـۆ گـەڕان بەشـوێن تـاوانی نامووس پارێزی.

بـەڵام لێکۆڵینـەوەکان ئامـاژە بەنـەبوونی سـعودیە دەدەن لـەنێو کلێشەی ئەودەوڵەتانەی کە ئەم جۆرە تاوانەی تێدا دەکرێت ئەمەش راپۆرتێکی(اعجمد جها نجیرا)ی پاکستانی لەبواری مافەکانی مرۆڤدا جەختی لەسەر دەناتەوە کە باسـی سعودیەی نـەکردووە لـەبواری تاوانـەکانی ناموس پارێزیدا.

لەکاتێکیش کەهەندێک پێی وایە تاوانی نامووس پارێزی پەیوەندی بەئاینەوە هەیە، بەڵام زانایانی ئاینی سعودی وادەبینـن کەئـەم تاوانـە هیچ پەیوەندیەکی بەئیسـلامەوە نیـەو لـەوڕووەوە شێخ محمـد هوەیـد دەڵـێ:ئیسـلام لەومەسـەلانەی کـە پـەیوەندی بەکوشـتندوە هەیـە

زۆرتونـدە، لەمەسـەلەیەکی وەکـ(زینـاکردنیش)کـە زۆرجـار دەکرێتـە بیانوویـەکـ بـۆ پیـادەکردنی تـاوانی نـامووس پـارێزی، ئیسـلام مـەرجی هەبوونی چوا رشایەتی داناوە، کە ئەم مەرجانەش بۆیە دانـراوە تـاوەکو کـرداری کوشـتن روونـەدات هەربۆیـە دەبێـت لەوحاڵەتـەدا هـەرچوار شایەتەکە شایەتی ئەوەبدەن کە کردارەکەیان بەچاوی خۆیان بینیـوە، ئەمـەش کارێکی ئەستەمە، بەڵکو موستە حیلە هـەروەکـ چۆن شـایەتی تەنها سیانیان وەنەبوونی شایەتی چوارەم، جەلدکردنی سێ شایەتەکەی لێدەکەوێتەوە.

(عائشــە عبدالباســط)ی مامۆســتای زانســتی کۆمەڵایــەتی لەشاری(جەدە)جەخت لەسـەر ئەوەدەکاتـەوە کـە (تاوانـەکانی نـامووس پـارێزی جگـە لەچـەند موومارەسـەیەکی جیاواز هیچیتـر نیـەو ئاکـامی نەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکانە.

لەسعودیەشدا شتێک نیە بەناوی تاوانی نامووس پارێزی. دەوڵەتی سعودیەش دەکرێت هاوکاری یەکەم بێت لەراوەستاندنی ئەم تاوانانە بەهۆی تەشریعاتە هەرەتوندەکانی لەنێو دەوڵەتانی جیهان کە تـاوەکو ئاسـتی لەسـێدارەدان دەڕوات ئەگــەر حوکمـی ئیسـلامی لەسـعودیە جێبـەجێ نەکرایـە ئـەوا هەنووکـە لەسـەروو لیستی ئەووڵاتانـە بووبـن کەمەسەلەی تاوانی نامووس پارێزی تێدایە.

بەڵام نەبوونی ئەم تاوانانـەش نکوڵـی ناکـات لـەبوونی توندوتیـژی دژی ژنـان، لـەم چوارچێوەیەشـدا(مـەها دوسـری) لەشاری(دمـام)دەڵـێ: زۆرێـک لـەژنان لەماڵـەکانی سعودیەدا دووچاری کـرداری توندوتیـژی دەبنـەوە، بـەڵام رێـژەی ئـەم کردارانـە نـەزانراوە ئـەم مەسـەلانەش لـەچوارچێوەی خـێزاندا چارەسـەر دەکرێـت گـەڕان بەشـوێن ئـەم

بابەتانەش بەشێوەیەکی ئاشکرا شتێکی ئاستەمە، بەهۆی بوونی ترس لەئابڕوو چوون.

(محمد حەرب)یش لەشاری(جەدە)وادەبینێ کە هۆکارەکانی وون بوونی تاوانەکانی ناموس پارێزی لەسعودیە، لەوەدا کورت ناکرێتەوە کەسزای لەسێدارەدان هەیە، واش دەبینێ کە کۆمەڵگەی سعودی هیچ جیاوازییەکی نیە لەوکۆمەڵگە عەرەبیانەی کە ئەم تاوانەیان تیادا دەکرێت. بەڵام ئەوسانسۆرە وردەی کەلەلایەن هاوسەرو باوانەوە سەپێنراوە بەسەر ژنان، کە زۆرجارو لەهەندێ کۆمەڵگەی توندرەودا دەگاتە ئەوەی کە ڕێگە بەژن نەدەن دەرگابکەنەوە یاخود وەڵامی تەلەفۆن بداتەوە، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەترساندنی ژنان لەهەستانیان بە شتێک کە کوشتنیان پێویست بکات!!

(حەربیش)دەڵێ: حەرام کردنی تێکەڵاوبوون لەدەرەوەی چوارچێوەی کارکردن و خوێندن و دۆزینەوەی شوێنی تایبەت کە ژنان دوور لەتێکەڵ بوون بەپیاو تیایدا کاربکەن و سنوردارکردنی بینینی پیاوو ژن پێکەوە، ئەمانە هەمووی وای کردووە تاوانی نامووس پارێزی ڕوونەدات.

# ئافرەتانی کوێت[7] و جەنگی داهاتووی مافەکان

زۆر رونــه کەجــەنگێکی نــوێ لەئاســۆی وڵاتــی کوێتــدا بەڕێوەیــە، مەبەستیش لەمــە کەشــی(سیاســی‌و پەرلــەمانی‌و راگەیاندنــە)، بــەهۆی بابەتی بەخشینی مـافی سیاسی بـەئافرەتانی کوێـت، لەرێی ئـەو پـرۆژە یاسـاییەی کـە ئەنجومـەنی وەزیرانـی کوێـت لـە١٦ای مـایوی ئەمسـاڵدا بڕیـاری لەسـەردا بەرێگـەدان بـەئافرەتانی کوێـت بەبەرجەسـتەکردنی مافی سیاسی خۆیان لەهەڵبژاردن‌و خۆپالاوتن بۆ ئەنجومەنی گەل، کە بەرێکـەوت یـاخود بـەبێ پـلان دانـان‌و خۆئامـادەکردن ئـەم بڕیـارە دەرکرا، بەجۆرێک ئەم راگەیاندنەی ئەنجومەنی وەزیـران بـەکتوپڕ بـێ هیچ سـەرەتایەک یـاخود ئامـاژەدانێک درا بەپێچەوانـەی ئەوبڕیارانـەی کەلەپێشتردا درابوون.

ئەم جەنگە بەبۆچوونی من، بەتەنها بەبەهـەند وەرگرتنـی ئاکـامی سلبی کۆتـایی نایـەت، بـەواتای رەتکردنـەوەی پرۆژەکـە وەک هەمیشـە لەوەوبـەر رویـداو بەوواتایـەی کەشکسـت هێنـانی ئافرەتـانی کوێـت لەبەدەسـتهێنانی مافــە سیاســیەکانیان کۆتــایی نایــەت وەک چــۆن لــەوەوپێش هەوڵــەکان کۆتاییــان پێدەهــات، بۆچــی؟ یەکــەم چونکــە رەتکردنــــەوەی واتــــای جەختکردنــــە لەســــەر داوکــــەوتوویمان‌و شــەرمەزارییەکانمان لەبەرامبــەر جیهاندا پێـی زیادەکـات، کـەوا لێمـان دەڕوانن کەلەدەوڵەتە زۆر بچووکەکانی جیهانی عـەرەبی‌و ئیسلامین کە هێشتاکە ئافرەتـان مافـە سیاسیەکانیان بەدەسـت نـەهێناوە، هـەروەها جەختکردنەوەیە لەسەر ئەتککردنی مافی نیوەی یاخود زیاتری کۆمەڵگەی کوێتی لەژیانی دیموکراسییانەدا.

هەربۆیــە ئــەو لەوحەیــەی کــە گــوزارەی (ئەنجومــەنی گــەل)ای لێ نووســراوەو لــەدەروازەی پەرلــەمانی کوێتــدا هەڵواســراوە دەبێــت

دابگیریت لەجێگەکەیداو لەبری ئەوە گوزارەی ئەنجومەنی نیوەی گەل(دابنریت، چونکە ئەوانەی کە لەناویدان بەتەنها نوێنەری پیاوانن و ئەمەش زۆر بەسادەیی ئامادە نەبوونی پرس و خەمەکانی ئافرەتانی کوێت دەردەخات لەناو ئەم ئەنجومەنە.

دووەم حکومەت ئەمجارەیان موجازەفەناکات بەشکستهێنان و دەستە وەستان لەبڕیاردان و سەرکەوتنی بابەتێکی ئاوها بەتایبەتی لەسێبەری ئەو کەشو پێشکەوتنە خێراییانەی کە ناوچەکە بەخۆیەوە دەیبینێ، بەتایبەت لەوپرسانەی کە پەیوستن بەمافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتان و قسەکردنەکان لەبارەی ریفۆرمەوە، چونکە ئەمە جەختکردنە لەسەر ناجدییەتی حکومەت نەک لاوازی، بەپێی ئەوەی کە پێشترو لەدانانی پرۆژەی یاسایی‌تردا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و سووربوونی خۆی راگەیاندووە لەسەر بەبڕیار کردنی پرۆژەکان لەناو پەرلەمانی کوێتدا.

پێم وایە ئەوکات و رۆژگارەی کە ئەمرۆکە لەکوێتدا دەیگوزەرێنین چیدی بەرگەی زیاتر لەماف خواردنی ئافرەتان ناگرێت، بەتایبەت کە ئافرەتانی کوێت لەپێشەوەی بەدەستهێنەرانی چەند سەرکەوتنێکن لەناوچەی کەنداودا، بەنموونە یەکەمین ئافرەتێک کە پۆستی سەفیری نواندبێت لەناوچەکەدا کوێتی بووەو یەکەمین ئافرەتێک پۆستی بەڕێوەبەری زانکۆی نواندبێت لەناوچەکەدا کوێتی بووە، یەکەمین ئەندامێکی کارا لەوەفدی وولاتەکەیدا لەکۆبوونەوەکانی ئۆپیکدا ئافرەتی‌کوێتی بووە یەکەمین ئافرەتێکیش کە بەشداریکردبێت لەکوژاندنەوەی ئاگری بیرەنەوتەکانی ولاتیشدا کە سەدام پێش ئەوەی لەکوێت هەڵبێت پێی هەستا هەرئافرەتی کوێتی بووە...وهتد

لەگەڵ ئەوەشدا ستەمە هەمو تۆمەتەکان بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بخەیتە ئەستۆی حکومەت بێ ئەوەی خۆمان وەک تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێک لەم بەرپرسیارێتیە هەڵنەگرین، ئافرەتان و پیاوانمان، کە ئەمەش داوای هەوڵ و تێکۆشانمان لێدەکەن، لەپێناوی رزگارکردنی ئافرەتان لەپێوەندی ئەو ئەندامە ئیسلامیانەی کە تاکە بەربەست بوون و تاهەنووکەش بەربەستن لەبەردەم بەدەستهێنانی ئافرەتانی کوێتی بۆ مافە سیاسیەکانیان، بۆیە والەچارەی ئێمەی کوێتیەکان نووسراوە کە هیچ شتێک بەئاسانی بەدەست نەهێنین.

ئافرەتانی کوێت تێکۆشانەکانی خۆی لەپەنچاکانەوە دەست پێکردووە لەهەموو بوارەکانی کارکردنیشدا تواناکانی خۆی سەلماندووەو لەم بوارەدا توانیویەتی بەربە ئافرەتانی کەنداو بگرێت بەڵام تائەمڕۆش نەیتوانیوە مافە سیاسییەکانی خۆی بەدەستبهێنێت لەکاتێکدا کە دەوڵەتانی تری کەنداو لەووڵاتەکانیان ئەم مافەیان بەخشیوە بەبێ هیچ ماندووبونێک.

ئافرەتانی کوێت لەدوای هەموو هەڵبژاردنێک بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە لێیان یاساغکرابوو کە خۆیان کاندید بکەن لەبنکەکانی هەڵبژاردندا لەدژی دەوڵەت رێگای یاساییان لەدادگاکاندا دەگرتەبەر.

ئەمە لەکاتێک کە دەستوری کوێت جەخت دەکاتە سەر یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لەسەرجەمی ماف و ئەرکەکاندا، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمە دەبینین یاسای هەڵبژاردنەکان دژ بەم دەستوورە دەجوڵێتەوەو بەتەنها ماف دەداتە پیاو بۆ خۆکاندیدکردن و پاڵاوتن لەهەڵبژاردنەکاندا بەومەرجەی کە خوێندنەوەو نوسین بزانێت،

لەبەرامبەردا ئەم مافە لەبەڕێوەبەری زانکۆی کوێت زەوت دەکات کە ئافرەتێکەو سەرپەرشتی سەرجەمی ئەو نێرینانەی کردووە کە ئەم مافەیان هەیە.

یەکێک لەوکارە پێچەوانانە کە دەوڵەت پێی هەڵدەستێ بریتییە لەوەی کەرێگە دەدات بەژنان کە لەبوارەکانی کارکردنو فێرکردندا کاربکاتو پۆستی بەرزو هەستیاریان پێدەبەخشێت، بێگومان جگە لەپۆستی وەزیریو بەمەش مافی سیاسی ئافرەتان زەوت بکات.

# داکۆکیکردنی

# یاسا

# لەگۆشەگیری

# کۆمەڵایەتیو

# پیاوسالاری

لەیەکێک لەو ئاهەنگانەی کە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی لەنێوەندی عـەمانی پایتـەختی ئـەردەن دوومـانگ لەمەوبـەر ڕێکـی خسـتبوو وکچـە گۆرانیبێژی لوبنانی(انانسی عەجرەم)بەگۆرانیەکانی ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبردو ئاپۆرەیـەکی زۆری لاوانـی کوڕوکـچ و چـەندین خـێزان ئامـادەی بـوون، گـەنجێکی(٢٠سال) بەهۆی مۆبایلەکەیەوە وێنـەی کچـە هاوڕێکـەی دەگرت، واش پێدەچێت بەهۆی قەرەباڵخی شوێنەکەوە کەمێک دەستی لـەرزابێت و ڕوی کردەبێتـە یـەکێک لـەومێزەی تەنیشـتی کـە کوڕێـک و دەستگیرانەکەی لەسەری دانیشتبوون.

ئـەکرا ئـەم ڕووداوە بـەهێمنی و بـێ هیـچ گرفتێـک کۆتـایی بێـت، بەتایبەت کە ئامادەبوانی ئاهەنگەکە ئەوەیان پێوە دیاربوو کە لەڕووی کۆمەڵایەتیـەوە سەربەئاستی نـاوەندی و بـاڵابوون، سـەرەڕای ڕەوشـی مادییـان، بـەجۆرێک بلیتـی چوونـە ئاهەنگەکـە بریتیبـوو لـە٢٠دینـاری ئـەردەنی(واتـا٢٦دۆلاری ئـەمریکی)، کە ئەمـەش بـۆ هاوولاتیانی ئـەردەن مەبلەغێکی زۆرو گرانە.

بـەڵام ئەوگەنجـە هەرکـە بینـی کامێراکـە بـەرەوڕووی دەسـت گیرانەکەی ڕاگیراوە، سوربوو لەسەر ئەوەی کـە ئـەمکارە مەبەستدارە، هـەر بۆیـە توورەبـوو بـەربوە کـوڕی کـامێرا بەدەسـت و کەوتـە لێدانـی بەناشیرین ترین گوتـە لەکـەداری کـرد، ئەمـەش بـووە هـۆی دروسـت کردنـی تـرس لـەلای کچـە گۆرانـی بێژەکـە لەودیمەنـەوە هەرەشـەی وەستاندنی کرد لەگۆرانی ووتن.

پێدەچێت ئەم ڕووداوە لەناخیدا هەڵگری زۆرێک لەواتای پەیوەست بێت بەهەیمەنـەی نەریتە خێڵەکیەکان و ڕوانینی نێرینەکانی ڕێژەیـەکی زۆری کۆمەڵگـــەی ئـــەردەنی پێـــک بـــهێنێت کـــە ژمارەیـــان

نزیکەی(٥ملیۆن)کەس دەبێت، ئەوکەسانەی کە ئەو گەنجەیان بینی وەک شێر پەلاماری ئەوکامێرە بەدەستەی دا کەلەکاتی وێنە گرتندا دەستی لەرزا، درکیان بەوە کرد کە ئەوگەنجە کە لەپۆشاکێکی زۆر جوان و ئەوپەڕی مۆدێرنانەی روکەش و رەفاهیەتی کۆمەڵایەتی دەرکەوت دەکرێت یەکێک بێت لەسوارچاکانی تاوانەکانی کوشتن وەک داکۆکیکاریەک لە(نامووس).

نموونەی ئەوگەنجەش زۆرە کە بەپێی دانپیانانەکانی خۆیان بەرەوای دەبینن ئارەزووی چ شتێک بکەن بەدەستی بهێنن بەڵام ئەم کارە بەتەواوی جیاواز دەکەوێتەوە ئەگەر پەیوەست بێت بەیەکێک لەکچە نزیکەکانیان.

بەشێک لەنەریت

لەسێبەری هەیمەنەی ئەم عەقڵەو گەشەکردنیدا، پێدەچێت تاوانەکانی کوشتنی ژنان بەبیانووی-نامووس پارێزی-شتێکی ئاسایی بێت، بەڵکو بەشێک بێت لەنەریتەکان و داواکاری رێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤی ناوخۆو نێودەوڵەتی بۆ بەئینساف بوون بەرامبەر ژنانی ئەردەن و پارێزگاریکردنیان لەتوندوتیژی بەبابدات، بەهۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و هەیمەنەی نێرینە کە یاساکان پاڵپشتیانن و دەسەڵاتی تەشریعی رێگەیان پێدەدا.

هەروەک چۆن لیژنەی هەڵمەتە نیشتمانیەکان بۆ لەناوبردنی تاوانەکانی نامووس پارێزی کە زیاد لە(٣٠)هەزار واژووی کۆکردەوە بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی دژی ژنان شکستی هێنا لەرازیکردنی پەرلەمانی ئەردەنی بەچاکسازیکردنی ماددەی(٣٤٠)ای یاسای سزاکان کە حوکمێکی سوک و ئاسان دەداتە بکوژی یەکێک لەژنە نزیکەکانی بەبیانوی

نامووس پارێزی، هەروەک چۆن شکستیشیان خوارد لەسازدانی هەر گۆرانکاریەک لەماددەی(٩٨)ی هەمان یاسادا کە تیایدا زۆربەی کات سزای بکوژی ژنان بەهۆی نامووس پارێزی تەنها بەندکردنی چەند مانگێکی داناوە،و لەزۆربەی کاتیش لەدووساڵ تێپەڕناکات، ئەمەش بەپاساوی ئەوەی ئەو تاوانەی بەهۆکاری توڕەبونێکی زۆرەوە بەئەنجام گەیاندووە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بکوژانی ژنە نزیکەکانیان تاوانەکەیان دوای تێپەڕینی چەند هەفتەو مانگێک لەهەمان روداو بەرجەستە کردووە.

زۆرێک لەئەندامانی پەرلەمانی ئەردەنی وادەبینن کە چاکسازیکردنی ئەو دەقە یاساییانەی کە پەیوەستە بەتاوانی(نامووس پارێزی) سروشتی پارێزگاریکردن لەکۆمەڵگەی مەدەنی تێک دەشکێنێت لەکاتێکدا یەکێک لەپەرلەمانتارە ئیسلامیەکان داواکاری چاکسازیکردنی یاساکەی بە(هەوڵێک بۆ چەسپاندنی ئەخلاقی رۆژئاوایی لەسەر کۆمەڵگەی ئەردەنی موسڵمان وەسف کرد).

لەگەڵ ئەوەی کە مەرجەعە دینیە رەسمیەکانی ئەردەن وادەبینن کەئیسلام توندوتیژی دژی ژنان حەرام کردووەو لەسەر تاکەکانی قەدەغە کردووە یاسا بەدەستی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگەر تەنانەت سەلمێنراش کە حاڵەتی زیناکردنەکەش رویداوە).

سەرۆکی لیژنەی یاسای پەرلەمانی ئەردەنی(غالب زعبی)هۆکاری بڕیار نەدان لەسەر ریفۆرم کردن لەویاسایانەی کە ئیجحافی تێدایە بەمافی ژنان و لەیاسای سزادانی ئەردەنیدا هاتووە بەوەلێکدەداتەوە کە بەناکاملی و بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو گەیشتۆتە پەرلەمان و خزمەت بەئامانجە گشتیەکان ناکات) هەروەک ووتی من وەک پەرلەمانتارێک

واقعی کۆمەڵایەتی بەوردی بەرجەستە دەکەم و ناتوانم پۆشاکێک لەبەربکەم کە بۆم نەشێت.

قوربانی گومانەکان

ساڵانە زیاد لە(٢٠)ژن نزیکەی چارەکی تاوانەکانی کوشتن لەئەردەن دەبنە قوربانی گومانکردن لەتێوەگلانیان بەباروودۆخێک کە دەبێتە هێنانە ئارای گومان و دواترلەکەیەک کە بەخوێن نەبێت ناشۆرێتەوە!! تاقیگەی پزیشکی جەنائی ئەردەنیش کە سەر بەدەزگای ئاسایشی گشتیە ئەوەی دەرخست کەزۆربەی ئەوژنانەی دەبنە قوربانی بەکچێتی کوژراون و هەندێکیان لەلایەن باوکو براو کەسوکارەکانیانەوە دووچاری لێدان بوونەتەوە.

یەکێک لەوکەسانەی کە لەتاقیگەکە کاردەکات ئەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هەردووکچەکەی کە تەمەن(١٦و١٧)ساڵ بوون هێناونی بۆ تاقیگە تاوەکو بزانێ کچێنیان لەدەست نەداوە؟ چونکە پڕوپاگەندەی وای گوێ لێبوو لەدراوسێکانی کە کچەکانی بۆ ژوانی ئەوینداری چوونەتە دەرەوەی ماڵ. لەگەڵ ئەوەی ئاکامی تاقیکردنەوەکەش پاکیزەیی ئەم کچانەی دەرخست بەڵام دوای دووهەفتە ئەم دووکچە لەلایەن ئەوباوکەو دووبرایەوە دەکوژرێن، چونکە باوەڕیان بەوە نەدەهێنا کەئەم دووکچە موومارەسەی سێکسیان نەکردبێت.

قسەکەرێک بەناوی حکومەتی ئەردەنی (ئەسمی خضر)وادەبینێ کە یاسایی سزادانی ئەردەنی لەبڕگەکانیدا جیاوازی هەیەو هەندێ لەبڕگەکانی یاساکە بەتوندی سزای ئەوکەسە دەدات کەتاوانێک دەرهەق بەیەکێک لەکەسە نزیکەکانی دەکات، بەڵام لەهەندێ ماددەی تردا وەکو ماددەی(٩٨)حوکمێکی ئاسان دەبەخشێتە بکوژەکە.

(خضر نقاب) پرۆژەیەکی حکومی بەدەرخست کەدەدرێتە پەرلەمانی ئەردەنیو داوای کۆمەڵێک ریفۆرم دەکات لەهەندێ برگەی یاسای سزادان.

چاودێران وادەبینن کە چاکسازیکردنی ئەویاسایانەی کە حوکمێکی ئاسان دەبەخشێتە بکوژانی ژنان، لەسێبەری هەیمەنەی ئەنگێزەی عەشایریو خێڵەکی بەربلاوی پێکهاتەی پەرلەمانی ئەردەنیدا سەرناگرێت.

بەڵکو پێویستی بەتەدەخولی پاشای ئەردەن هەیە بەتایبەتی کە شازادەکانی خێزانی هاشمیەی بالادەست پاڵپشتی ئەم یاسایانەن کە دژ بەژنانە، پێشتریش لەچەندین خۆپیشاندانی جەماوەریدا بەشدارییان کردبوو داوای ئەوەیان کردبوو کە ی سزابکرێت لەبەرامبەر هەڵسوڕێنەرانی تاوانەکانی دژی ژنان بەبیانووی نامووس پارێزی.

# دەردێک بەناوی
# توندوتیژی دژی
# ژنان

جەنگ لەدژی ئەوتوندوتیژییەی کە دژ بەژنانە دیارترین ئەودروشمانە بووکە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا(خۆسیە لویس سابا تیرۆ) لەخۆی گرتبوو.

یەکەم هەنگاوی پراکتیکی دوای هەڵبژاردنیشی دەرکردنی پرۆژەیەکی یاسایی بوو لەدژی ئەودیاردەیەی کەژنانی ئیسپانیا لەسەردەستی پیاوان دووچاری لێدان دەبنەوە.

ئەم توندوتیژییەش زۆرجار دەگاتە ئاستی کوشتن بەناوی ئیرەیی یان نامووس پارێزی یان هەرهۆکارێکی‌تری باوەڕپێنەکراو کە بەتەنها پەیوەست نیە بەجیهانی عەرەبییەوە، بەڵکو ئەمە دەردێکی راستەقینەیەو کۆمەڵێک دەوڵەتی پێشکەوتووی جیهان پێوەی دەناڵێنێت.

پرۆژە یاساییەکەی ئیسپانیا جەخت لەسەر سزادانی تاوانبار دەکات بەبەندکردنی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەلانی کەمەوە.

لەکاتێکدا پێشتر ئەوسزایە دووساڵی بەندکردنی تێنەپەڕاند پرۆژەنوێکە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە مافی ژنە داوای هاوکاریکردنی پۆلیس بکات تاوەکو رووبەڕووی لێدان نەبێتەوە، هێزی ئیسپانیەکان‌و(عەرەبیش وەک ئەوان)پڕە لەو چیرۆکە تاوان ئامێزانەی کەدەرهەق بەژنان کراوون.

زۆرجاریش پیاو ژن بەموڵکی خۆی دەزانێت، واتە بەلایەنێکی‌تر مافی ئەوەی هەیە چی‌بوێت لێی‌بکات؟!

زیاد لەپایتەختێکی عەرەبیشدا، کۆمەڵەکانی داکۆکیکردن لەمافی ژنان چالاکیەکانیان چڕوپڕکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەلای هاوولاتیان‌و داوادەکەن کەدەست بەرداری ئەم نەریتە دواکوتووییەبن.

لەئیسپانیا سەرژمێرییە رەسمیەکان ئاماژە بەمردنی(٧٠)ژن دەدەن لەساڵی(٢٠٠٣)دا بەهۆی توندوتیژییەوە، لەبەرامبەر(٥٢)ژن لەساڵی٢٠٠٢)و(٤٥)ژن لەساڵی(٢٠٠١).

هەرئەم سەرژمێریانە ئەوەدەردەخات کەلە(١٠٪)ی ژنان لەشێوەی دووبارەدا رووبەڕووی توندوتیژی جەستەییو مەعنەوی دەبنەوە لەلایەن پیاوەوە

دەکرێت ئەندێشەی سەرژمێرییەکانی توندوتیژی بکەین لەووڵاتانی عەرەبی ئەگەر بوونی هەبێت، یان لەملاولا بڵاوکرابنەوە، ئیسپانیا هاوسۆزییەکی گەورەی نیشاندا بەرامبەر پرۆژە یاساییە نوێکە، کە پیاو تاوانبار دەکاتو بەندی دەکات لەکاتێکدا یاساو نەریتە عەرەبییەکان تائێستا ئەم ممارەسە وەحشیانە بێگوناه(تەبرییە)دەکاتو راڤەکاریو پاساوی بۆ دەدۆزێتەوە.

چۆن لەهەمبەر توندوتیژی دژی ژنان رابوەستین؟!

بەڵام بەتەنها یاساکان بەس نیە..بەڵکو ئەمەکارێکی مەیدانی دوورودرێژی گەرەکە کارێک بۆ هۆشیار کردنەوە کەلە قوتابخانەو گەڕەکەکانەوە دەست پێبکا بەرەوهۆکارەکانی راگەیاندنو پەیوەندی جەماوەری ئەم گەشتەش گەشتێکی پڕماندوێتیەو لەمێژە دەستی پێکراوەو هەموو تاکێکی عەرەبی رۆڵو بەرپرسیارێتیەکی لەسەر شانە بۆ بەرەوپێشبردنی، تاوەکو بەبەردەوامی وەک گەشتەکەی(سیزیف)نەمان گەڕێنێتەوە بەرەو خاڵی سەرەتا.

# ژنانی رۆژهەڵاتی
# ئەوروپا
# لەنەشوەی
# ئازادییەوە بۆ
# شۆکی واقع

پێویست بەوەناکات سیستمی فەرمانڕەوایەتیەک شەن‌وکەو بکەین کەرابردووە، یاخود رەخنە لەو رێچکەیە بگرین کە وولاتی پێ بەڕێوە دەبرد، بەڵکو واباشترە بڕوانینە ئەوشتانەی کە لەسەر پانتایی واقیعدا روودەدات. لەدوای داڕووخانی سیستمی کۆمۆنیستی لەرۆژهەلاتی ئەوروپا، واپێشبینی دەکرا کە سیاسەتی کرانەوەی دەوڵەتانی کوتلەی رۆژهەلات بەسەر بازاڕی ئەوروپادا، بوار لەبەردەم ئابووری ناوخۆی داتەپیودا بکاتەوە تاببوژێتەوەو ئەو هەلە بۆ هاوولاتیان برەخسێنێ کەلەوئاڵۆزییە ئابورییە دەربازبن کە چەندین ساڵی دوورو درێژە تیایدا دەژین.

بەلام ئەوەی روویدا تەواو جیاواز بوو بەتایبەت لەزۆرینەی وولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا، بەجۆرێک ئاکامەکانی ئەم کرانەوەیە بەسلبی لەسەر رەوشی ژنان ئاوەژوو بۆوە، ئەگەر کرانەوەی سیاسیو ئابووری ژنانی رزگارکردبێت لەسیستمێک کە هەندێ بەخشینی گرنگی پێدان، ئەوا لەبەرامبەردا لەئازادییەکی ئابووری‌وادا غەرقی کردن کەتاڕادەیەک سەرجەمی شتەکانی لێوەرگرتنەوە، تەنانەت رێزگرتن لەخود هەروەک چۆن هەموو رۆژێک لەژنانی رۆژهەلاتی ئەوروپا روودەدات. هەژاریو نزمبوونەوەی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، بێ کاریو گەشەکردنی بازرگانی سێکسی، ئەمە ئەو شتانەیە کە ئەمڕۆ ژنانی رۆژهەلاتی ئەوروپا رووبەڕووی دەبنەوە.

ئەمڕۆ لەدوای بەرفراوان کردنی یەکێتی ئەورووپاو لەخۆگرتنی دەوڵەتانی کوتلەی رۆژهەلات ژنانی رۆژهەلاتی ئەوروپا شیعاری راوەستان لەدژی هەژاریو توندوتیژیو بازرگانی سێکسیو گەڕانەوە بۆ سیاسەتی جیاوازی لەکارکردن‌و مووچەدا بەرزدەکەنەوە.

ئەو گۆڕانكارييە سیاسیو ئابوورییەی كەرەوشەكانی وولاتانی كۆنی كوتلەی سۆڤیەتی سەروژوور كرد بووە هۆی پەراوێزخستنی رۆڵی ژنان لەزۆرێک لەبوارەكاندا، بەتايبەتی لەنواندنی سیاسیو هەبوونی لەپێگەكانی بڕیارو ژیانی ئابووریدا جگە لەچەند دەوڵەتێكی وەک لیتوانیا.

لەگەڵ ئەوەی دەستورەكانی وولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا بەگشتی جەخت دەكاتە سەر یەكسانی تەواوەتی، بەڵام پراكتیک كردنیان لەسەر پانتایی واقیع شتێكیتره.

لێرەوە پاشەكشێ لەگرنگیدانی ژنان بەژیانی سیاسیانە روولەكزی كرد، دوای ئەوەی لەو شیعارو بەڵێنانە بێ هیوا بوون تاوای لێ هات بڕوانەكات بەو كەسانەی كە بانگەشەی یەكسانی دەكەن، ژنان بەباشیان زانی كە گرنگی بدەن بەچارەكردنی گرفتە ئابوورییەكانیان كە گۆڕانكاريەكانو شیعارەكان دەستەوەستان بوون لەسنور دانانێک بۆی.

بەمجۆرە رێژەی نواندنیان لەپەرلەمانو حكومەتەكاندا بەشێوەیەكی گشتی رووی لەدابەزین كرد بەجۆرێک لەولاتێكی وەک پۆڵەندا بەتەنها١٣٪ لە بولگاریا لە١٠,٤٪و لەتیشیكیا لە١٠٪و لەئەستونیا١٢,٩٪و لەهەنگاریا لە٨٪و لەرۆمانیا لە٧٪و لەسلۆفاكیا لە٧,٨٪ پێک دەهێنن، لەلایەكیترەوە ، وولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا پرۆسێسی دامەزراندنی چەندین رێكخراوی ژنان بەخۆوە دەبینێ كە هەڵدەستێ بەهەڵمەتەكانی هۆشیار كردنەوەو یارمەتیدانی ژنان لەبوارە جیاوازەكاندا.

وەک چۆن كاری ئەم رێكخراوانە راستەوخۆ پابەندە بەكاركردن لەپێناوی پراكتیزەكردنی یاسا تایبەتیەكانی مافەكانی ژنان لەواقعی

رۆژانەو بۆ باشترکردنی رەوشی گشتی ژنان. لەپۆڵەندا بەتەنها زیاد لە۲۰۰کۆمەڵەی لەم جۆرە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە لەسەرجەمی رۆمانیاو ئەلبانیاو بولگاریا ژمارەی رێکخراوەکانی ژنان لە ٦۰ رێکخراو زیاترە.

لەگرنگترین ئەوشتانەی کەسیستمی کۆن لەرۆژهەلاتی ئەوروپادا پێشکەشی ژنانی کردبێت، بریتی بووە لەکۆمەڵێک خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی لەبوارەکانی فێرکردن و تەندروستیو کارکردندا سەرەرای مەرجەکانی.

بەلام ئەم گۆرانکارییەی ئێستا کارێکی سلبی کردە سەر هەردوو رەوشی کۆمەلایەتیو ئابووری ژنان لەسەرجەمی ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپاش(جگە لەهەنگاریا)کە پرۆسێسی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی لایەنی ئابوری بووە هۆی لێدانێک لەژنانی ئیشکەر، بەتایبەت لەکەرتی پیشەسازیدا بەنمونەو لەوکارگانەی کە پشت دەبەستێ بەکرێکاری هەردوو رەگەزەکە، ژنان یەکەمین ئەوکەسانەبوون کەدووچاری تەسریح کردن بوونەوە لەکارکردن، بەپێی ئەوەی کەپیاو بەخێوکەری سەرەکی خێزانە، بەبێ گوێدانەئەوەی کە پێدەچێ ژنان تاکە بەخێوکەری خێزان بن، بەمجۆرەو لەساڵی۱۹۹۰ەوە ژمارەی ئەوبنکەو وەزیفانەی کەلەبواری پیشەسازیدا رەتکرابوۆوە گەیشتە(۲٦)ملیۆن، لەنێوانیاندا١٤ملیۆن بنکەی تایبەت بەژنان، واتا١٤ملیۆن ژنی بێکار کراو، رێژەی بێکاریش لەلای ژنان زیادی کرد بەوەی لە٥٪ی رێژەی بێکاری پیاوان زیاتر بێت. هەروەک چۆن جێی سەرسورمان بوو کە خاوەنی کار پێش ئەوەی ژنێک بخاتە کار لەلای، هەستێت بەدانانی مەرجی شیکردنەوەی پزیشکی بۆی تاوەکو بێگومان بێت لەوەی سکی پڕنییە، کەمتریش روودەدات ژنێک ئەم مەرجە رەت بکاتەوە، چونکە کارێکی

دەستگیر نابێت ئەگەر ئاسانیش بێت. ئەمە ئەو رەوشەیە کە رۆژانە روودەدات بەتایبەت لەپۆڵەندا.

لەگەڵ کەڵەبوونی گرفتە ئابوورییەکانیش، حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا پشتیان بەست بەکەمکردنەوەی هاوسەنگی تایبەت بەخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو رەتکردنەوەی گرەنتیە تایبەتەکان بەدایکو منداڵ کەتیایدا بەخۆڕایی لایەنی پزیشکی بۆ فەراهەم کرابوو لەگەڵ بوونی دایەنگاو هاوکاری ماددی.

هەربۆیە ئەم رەوشە ژنی ناچارکرد بەقبوڵکردنی مووچەیەکی کەمتر لەومووچەیەی کە هاوڕێ کرێکارەکەی لەپیاو بەدەستی دەهێنا لەهەمان کاردا کە پێکەوە بوون، بەرێژەی نێوان لە١٥٪ تا٢٤٪و لەهەندێ بنکەی کارکردنیش دەگەیشتە لە٤٠٪.

سەرەڕای ئەوەی کە هەژاری ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ئەوروپا سیفەتێکی مێینەی هەڵگرتووە، ئەوا ژنان هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانی کاری تایبەت بەخۆیو سەرمایەیەکی ساکار تاوەکو بیکاتە خاوەن کار. لەنۆ دەوڵەتی کوتلەی رۆژهەڵاتی پێشوو ژنان بنکەکانی یەکەمیان پاوان کردووە لەبەڕێوەبردنی چارەکی ئەوکۆمپانیایانەی کە هەیە هەروەک چۆن لەخانمانی کار هەڵدەستن بەدامەزراندنی رێکخراوی تایبەت بەخۆیان بۆ وەستانەوە لەدژی ئەوبانکو کۆمپانیا ماددیانەی کە قەرز نادەنە پرۆژەیەکی بازرگانی کە ژنێک سەرۆکایەتی دەکات.

لەرۆمانیا هەتا روسیا ژنان بەدەست ئەوتوندوتیژییەوە دەناڵێنن کەلە(ماڵەوە)دووچاری دەبن لەپۆڵەنداو هەنگاریاو بولگاریاش ژنان داوای مافی خۆیان دەکەن لەبواری لەباربردندا.

ژنـانی ئـەم وڵاتانـەش هەڵدەسـتن بەرێکخسـتنی هەڵمـەتی هۆشیارکردنەوە بۆ ئەو کچ و مێردمنداڵانەی کەدەبنە نێچیرێکی ئاسان لەبەرامبەر ئیغراکردنیان بەپارەو لەبازرگانی کردنی سێکسدا.

هەروەک چۆن ژنان دەناڵێنن بەدەست ئەوتوندوتیژییەی کەلەلایەن پیاوەکانیانـەوە دەرهـەقیان پیادە دەکـرێ و وەکـو پێشتر یاسـا سـزای پیادەکارانی نادات. سەرژمێرییە مەدەنیەکانی تایبەت بەجیابوونـەوەش ئەوە دەردەخەن کەنزیکەی سێ یەکی سەرجەمی تەڵاق دراوەکانی روسیا بەتەنها دووچاری لێدان و وەکردەوەی توندوتیژی بەردەوامی دەبوونەوە لەلایـەن هاوسـەرەکانیانەوە لەگـەڵ ئـەوەی کەیاسـا ئـەم کردەوەیـەی قەدەغـە کـردووە. مێردەکـانیش بەدەگمـەن دووچـاری سـزا دەبـن و لـەزۆرێک لەدەوڵـەتانی رۆژهـەڵاتی ئـەورووپاش توندوتیـژی خـێزانی بەمەسـەلەیەکی یاسـایی و دادگـایی دانـانرێت ئەگـەر نەگەیشـتبێتە توندوتیژییەکی زۆر توندو بووبێتەهۆی مردن یان لەکەیەکی جەستەیی هەتایی.

بەنموونە لەلیتوانیا یاسا شکاندنی لووت و ئێسک و دانەکان بەتەنها برینێکی سادەو ساکار دادەنێت و سزای پیادەکارانی نادات.

لـەبولگاریاش ژمـارەی قوربانیـانی توندوتیـژی خـێزانی سـاڵانە دەگاتـە(٦٠)هـەزار ژن. رووداوەکـانی ئـەتک کردنیـش(ئەوانـەی کەرادەگەیەنرێت)لە١٪تێپەڕ ناکات.

قێزەونترین ئاکامەکانی گرفتە ئابوورییەکان و کرانەوەی سنوورەکان و رێگـەدان بـەهاتوچۆکردنی نێـوان سـەرجەمی وڵاتـانی ئـەورووپا بێگومـان بریتییە لەگەشەکردنی بازرگانی سێکسی کە کەگەنج و مێرد منداڵەکان دەبنە نێچیری پارەو نیشتەجێبوون لەرۆژئاوای ئەورووپا، بەمەش لەدوای سـنوری وڵاتەکـەیان دەبنـە نێچـیرێکی سـادە لـەنێو تـۆڕی جیـهانی

لەشفرۆشیدا. بەپێی سەرچاوەکانی نوسینگەی جیهانی کۆچ، ئەوا ژمارە ئەوکچانەی کەئەم کارە دەکەن نیو ملیۆن دەبن و مومارەسەی لەش فرۆشی دەکەن لەرۆژئاوای ئەوروپاو ژمارەی کچانی بولگاری لەو کارەدا لەماوەی سالێکدا زیاد لە١٠هەزار ژنە.

لەگەڵ گەشەکردنی ئەم بازرگانییە سێکسییە ئەوا نەخۆشییە سێکسیەکان زیادیان کردووەو لەزۆربەی ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا رێژەی تووش بووان بەنەخۆشی ئایدز بەشێوەیەکی زۆر زیادی کردووەو ژمارەی ئەوانەی تازە تووشی ئەم نەخۆشیە بوون لەدەوروبەری چوار ساڵدا لە٣٠هەزارەوە بووە بە٢٧٠هەزار تووش بوو، هەروەک چۆن رێژەی پەنابردنە بەر کحول و ماددەبێهۆشکەرەکانیش بەتایبەت لەنێوەندی کچانی مێرد مندالدا زیادیکردووە.

بەلام ژنانی پۆلەندا هەولی بەگەڕ خستنەوەی یاسا کۆنەکە دەدەن کەرێگەیان دەدات بەبێ هیچ مەرجێک پرۆسەی لەباربردن ئەنجامبدەن، کەسالی١٩٩٣چەند مەرجێکی خرایەسەر پاشان لەسالی١٩٩٧دا یاسا لەباربردنی قەدەغەکرد جگە لەحالەتی ئەتککردن و شێواوی کۆرپەلە نەبێت یاخود لەو کاتانەی کە ژیانی دایکەکە لەمەترسیدا بێت بەهۆی سک پڕییەکەیەوە.

ئەم توندوتۆلیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پالەپەستۆ گەورانەی کەنیسەی کاسۆلیکی ولاتەکە. لەگەڵ بوونی لەباربردن بەکارێکی ناشەرعی، ئەوا عیادەو بنکە پزیشکیە تایبەتییە نهێنییەکان رووی لەزیاد بوون کرد کەهەموو سالێک بۆ نزیکەی٣٠هەزار ژن پرۆسەی لەباربردن پیادە دەکەن کە هەندێکیشیان بەجۆرێک دەکرێت کە رەنگە ببێتە هۆی حالەتی نەزۆکی هەندێک جار مردنیش.

# ژنانێک سەری
# کەسوکاریان
# خستە ژێر گڵ

(لەگوندەکانی میسردا بەتەنها خوێن لەکەداری دەسڕێتەوە)

ئەم کچە سەری کەسوکارو ناسیاوەکانی شۆڕکرد، ئەوی تریشیان بۆتەهۆی ئەوەی باوکی بەسەرشۆڕی بەگەڕەکەکەیدا هاتووچۆبکات ئەوەی سێهەمیشیان کەوتە هەڵەوەو خێزانەکەی ناچارکرد ئەوماڵە بەجێ بهێڵن کە بەدرێژایی ژیانیان نیشتەجێی بوون و بەرەو شوێنێکی دوور سەری خۆیان هەڵگرن، ئەوەی تریشیان براکەی هۆکارێکی نەبینیەوە بۆ شۆردەنەوەی ئەولەکەیەی کە دووچاری بوون بەکوشتنی خوشکەکەی نەبێت.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە٧٩٪ی تاوانی نامووس پارێزی کە میسر لەنێوان ساڵانی١٩٩٨بۆ٢٠٠١ بەخۆیەوە بینیویەتی هۆکاری سەرەکی گومان کردن بووە لەهەڵسوکەوتی کچەکان، دۆزینەوەی خیانەت یاخود دانپیانانی قوربانیەکە لەئاستی دووەمداو بەرێژەی لە٩٪ بووە.

دواتر ئارەزوومەندی لەدەرنەخستنی ئەویندارى یەکێک لەکەسە نزیکەکانی تاوانبار بەرێژەی لە٦٪دێت، لە٦٪یتر بەهۆکارەکانی وەک شوکردنی نهێنی دایک یاخود ئارەزوومەندی بۆ شوکردن، یاخود لاقەکردنی سێکسیانەی برا بۆ خوشکەکەی، یاخود باوک بۆ کچەکەی و دەرکەوتنی نیشانەکانی سک پڕی لەلای کچەکە بووە. ئەم سەرژمێریانە ئاکامی ڕوپێوێکی رۆژنامەوانی بوون، کە هەریەک لەابنکەی محروسە بۆ چاپ و خزمەتگوزاریەکانی رۆژنامەوانیو زانیاریاو یەکێتی تەوسیقو زانیاریەکان لەابنکەی مەسەلەکانی ژنانی میسرا لەبارەی تاوانەکانی نامووس پارێزی کۆیان کردبۆوە.

ئەم جۆرە تاوانانە سەرنجی هەڵسوڕێنەرانی بنکەی مەسەلەکانی ژنانی میسری بەلای خۆیدا راکێشا، کە-عزە سلێمان- بەڕێوەبەری

گشتی واوەسفی دەکات کەیەکێکە لەمەسەلەکانی مافی مرۆڤ و هۆکاری ئەو پارادۆکسیەتیەیە(ازدواجیەت)کە کۆمەڵگەی میسری بەدەستیەوە دەناڵێنێت)

ئەم پارادۆکسیەتەش وا روون دەکاتەوە کە(پیاوێک دەست بەرداری ناموسی خۆی دەبێت و سەودای فرۆشتنی کچەکەی جێبەجێ دەکات لەبەشوودانی بەپیاوێکی دەوڵەمەند، لەکەداریەکەشی دەشواتەوە ئەگەر هاتوو کچەکەی پەیوەندی ناشەرعی ببەستێت بەپێی چەمک و پارادۆکسیەتیەکانی خۆی).

ماددەی(١٧)لەیاسای سزادانی میسری ئاسانکاری دەکات لەحوکمە قەزائیەکانداو هەڵدەستێ بەگۆڕینی سزاکان لەسێدارەدانەوە بۆ کاروباری قورس و بەند کردنی هەتاهەتایی یاخود کاتی، لەکاروباری قورس و هەتاییشەوە بۆ بەندکردنی کاتی، لەبەندکردنی کاتیشەوە بۆ بەندکردنی ماوەکورت.

پاساوی دادوەرەکانیش بۆ ئەم ئاسانکاریە(هەروەک سلیمان)روونی دەکاتەوە، ئەوەیە کەتاوانبار لەژێر گوشارێکی دەروونی توندا بووە، وە قوربانیەکەش لەبەها خێڵەکییە باوەکان لایداوە، وەتاوانبار لەکەیەکی شۆردۆتەوە کە قوربانیەکە دووچاری کەسوکاری کردووە.

سەرۆکی پێشوی دادگای باڵای دەستوری یاساناسی کۆچ کردوواد. عوس المر(لەم مەسەلانەدا تێبینی ئەوەی کردبووکە حوکمی دادگاکان لەنێوان جێبەجێ کردنی یاسا وەزعیەکان و شەریعەی ئیسلامدا تێکەڵی دەکەن، کەبە بۆچوونی ئەو دووشتن ناکرێت تێکەڵاوبکرێت، هەروەک چۆن تێبینی ئەوەی کردبوو دادگالەو مەسەلانەدا دەقی ماددەی(١٧)ی

یاسای سزاکان بەکاردەهێنێ کەماف دەداتە دادوەر بۆ دابەزاندنی سزاکە.

ژمارەکان ئەوەدەردەخەن کەلە٤١٪ی تاوانەکانی نامووس پارێزیو زۆربەی تاوانەکانی گوند نشینەکان لەسەردەستی مێرد جێبەجێ دەکرێت کەگومانی هەیە لەهەڵسوکەوتی خێزانەکەی، دواتر باوان کە ئەمانیش بەهەمان شێوە گومانیان لەهەڵسوکەوتی کچەکانیان هەیە، یاخود بەرێژەی لە٣٤٪ی تاوانەکانی نامووس پارێزی لەسەردەستی برا پیادە دەکرێت بەهۆی گومانی لەهەڵسوکەوتی خوشکەکەی. پاشان یەکێک لەکەسە نزیکەکان کە گومانی هەڵسوکەوتی ژنانی کەسوکاری هەیە.

کچە پارێزەراتەهانی جبالیلەوراپۆرتەی کە پێشکەشی کۆنگرەیەکی کرد کە بنکەی مەسەلەکانی ژنان رێکیخست ئاماژە بەوەدەدات کەسەر ژمێریەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کەلە٧٩٪ی ئەوتاوانانەی کە پیادەکراون بەهۆی بوونی گومان بووە لەلای تاوانبارەکان دەرهەق بەهەڵسوکەوتی قوربانیەکان.

هەروەها دەڵێ:دادوەری تاوانەکان لەمامەڵەکردنی لەگەڵ تاوانی نامووس پارێزی لەویژدانیدا رۆشنبیری کۆمەڵگەی میسریو نەریتەکانی خێڵ بەهەند وەردەگرێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە خودی دادگای تاوانەکان بەپلەی یەکەم دادگایەکی ویژدانیە.

ئەوەی جێی سەرنجیشە بەهەمان شێوە رۆژنامەگەری روداوەکانیش رۆژنامەگەری ویژدانو لەدەستەی نوسەرانیدا کە زۆربەیان نێرینەن رۆشنبیری نەریتەکانی کۆمەڵگە ئامادەبوونی هەیەو بەسەریاندا زاڵە.

ئەمــەش بــەوردی لەهــەندێ مانشــێتی رۆژنامــەکانی میســردا دەردەکەوێت وەک: بەهاوبەشی لەگەڵ خاڵیدا دایکی دەکوژێت بەهۆی ئەوەی بەنهێنی شووی بەمامی کردبوو، یاخود کچەکەی بەهۆی گومان لەهەڵسوکەوتەکانی دەکوژێت یاخود ژنە گەنجەکەی دەکوژێت بەهۆی زۆر چونەدەرەوەی لەماڵ، زۆرجاریش حاڵ دەگاتە ئەوەی کە بڵێن(ژنێک شایەنی کوشتنە!!)یاخود بەندکردنێکی هەتا هەتایی بۆ گورگێکی مرۆیی کەلاقەی کچەکەی کردو ئەوکاتەی زانی سکی پڕکردووە، کوشتی تاوەکو لەکەداریەکە بسڕێتەوە.

ئەوەی مایەی پێکەنیناویشە ئەوەیە کە رۆژنامەنوسێک سەرنج و بەدواداچوونی یەکێک لەتاوانەکانی نامووس پارێزی بکات، ئەوکاتەی کەلەراپۆرتی پزیشکی شەرعی تایبەت بەکچە کوژراوەکە ئەوە دەردەخات کە کچێنی لەدەست نەداوە رۆژنامە نووسەکە کە ئەم مەسەلی(کچێنیە) دەکاتە بەڵگەیەکی تەواوەتی لەبارەی بێتاوانی قوربانیەکە، وەک ئەوەی پارێزگاریکردن لەوپەردەیە تاکە بەڵگەیەک بێت بۆ چاک و باشی هاتوچۆو هەڵسوکەوتی خاوەنەکەی.

لەگەڵ ئەوەی قورئانی پیرۆز نرخی بەرزی داوەتە ژنان و لەنێوان ژن و پیاودا یەکسانی نواندووە، بەڵام جێبەجێ کردنی زانیاریەکانی شەریعەی ئیسلام زۆر دووره لەهزری پیاوانی میسر.

پێشتریش یاساناس(عوظ المر) ووتبووی پیاوی میسری سەیری ئەودەسەڵاتە گەورەیەی خۆی دەکات کە لەبەرامبەر ژناندا هەیەتی، نەک بەپێی ئەومەرجانەی قورئان دایناوە، بەڵکو بەوپێیەی دەسەڵاتدارییەکەی مافی تەحەکوم کردنی ژنی پێ بەخشیوە.

پێشڕەوی شانۆی عەرەبیش(یوسف وەهبی)بە مەقوڵەیەک بەناوبانگە کە دەڵێت: ناموسی کچ وەک دەنکە شقارتە وایە، چونکە بەتەنها یەک جار دادەگیرسێت.

بەڵام هەریەک لەپاشخانی ڕۆشنبیریو زانستی نوێ زۆرێک لەزیادەکاری خستۆتە سەر ئەم گوتەیە، پرۆسەکانی(لەباربردنی پەردەی کچێنی) وای لەناموسی کچ کردووە چەندین جار پێوەندو دەست بەستراوی کردووە.

لەکاتێکدا لەپاشخانی ڕۆشنبیریو مێژوویی پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان ناموسی پیاوو پاکەتی شقارتە دروست کردووە، وەک ئەوەی بیریاری میسری(د. حەسەن حەنەفی)لەیەکێک لەووتارەکانی نووسیبووی(ناموسی پیاو پاکەتێکی شقارتەی بێ کۆتاییە).

# چەند ژمارەیەکی جیهانی ترسناک

راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان کۆمەڵێک ژمارەی ترسناک دەردەخەن کە سەلمێنەری ئەوتوندوتیژییەیە کەژنان لەهەموو ناوچەکانی جیهاندا رووبەڕووی دەبنەوە، وەک ئەوەی لەمرۆدا پەناگەیەکی هێمن نەمابێت بۆ ژنان کەهانایبۆ بەرن.

هێندە بەسە کەئاماژە بەوەبدەین(٦٠)ملیۆن ژن ئەمرۆکە بەزیندوویی دەمانەوە ئەگەر بەهۆی ئەوتوندوتیژییەی کە دەرهەقیان کرا لەناونەچوونایە، بەچاوخشاندنێکیش بەم ژمارانەدا نیگەرانی دەمانگرێت.

لەم رووەوە رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەڕوون دەکاتەوە کە توندوتیژی تاکە هۆکاری مردنی لە٧٪ی سەرجەمی ئەو ژنانەیە کەتەمەنیان لەنێوان(١٤)ساڵیو٤٤ساڵیدایە لەسەرجەم ناوچەکانی جیهان... لەئەوروپاش لێکۆڵینەوەیەک ئەوەی دەرخست کەسێیەکی ژنانی ئەوروپا کە ژمارەیان(٧٠)ملیۆن کەسە، لەلایەن پیاوانەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی زانستیش لەئەڵمانیا ئەوەی دەرخست کە نزیکەی(١٠٠)هەزار ژن ساڵانە لەلایەن هاوسەرەکانیان یان هاورێکانیانەوە رووبەڕووی کردەوەی توندوتیژی جەستەیی دەروونی دەبنەوە لەکاتێکدا ژمارە راستەقینەکە ملیۆنێک بەرەو ژوورە، لەفەرەنساش لە٩٥٪ی قوربانیەکانی توندوتیژی لەژنانن و لە٥١٪ی ئەورێژەی توندوتیژی لێدانانە پێکدەهێنن کە لەلایەن هاوسەرو هاورێکانیانەوە رووبەڕوویان پیادە دەکرێت.

لەووڵاتە یەکگرتووەکانیش، پسپۆڕەکانی بواری تەندروستی ئەمریکا ئەوەیان دووپاتکردوە کە لەسەرجەمی سێیەکی ژنانی جیهان دووچاری گرفتی تەندروستی سامناک دەبنەوە کە هۆکارەکەی پەیوەندی هەیە

بەلێدان یاخوود لاقەکردن یان جۆرەکانی تری ئەوتوندوتیژییەی کە دەرهەقیان دەکرێت. هەروەها(٧٠٠)هەزار ژن ساڵانە رووبەرووی لاقە کردن دەبنەوە هەروەها لە٧٠٪ی ئەو تاوانانەی کە لەپیرۆ تۆمارکراوون زۆربەیان پەیوەستە بەوژنانەی کەلەلایەن هاوسەرەکانیانەوە لێیان دراوە.

لەکەنەداش لە٦٪پیاوان توندوتیژی جەستەیی دژی ژنەکانیان یان هاوڕێ کچەکانیانو تەنانەت سەرجەمی خێزانەکانیان پیادەدەکەن.

لەئەفریقای باشوریش رۆژانە(١٤٧)ژن دووچاری لاقەکردن دەبن، کە گەورەترین رێژەی توندوتیژییە لەجیهاندا.

راپۆرتێکی یونسێفیش ئەوە دەردەخات کە هەموو ساڵێک، لەنێوان(٥٠تا٧٠)هەزار کچ لەنیپاڵەوە دەچنە هندوو لەلەش فرۆشیدا کاردەکەن، هەروەک لێکۆڵینەوەیەکیتر ئەوەی دەرخست کە نزیکەی ملیۆنێک کچ کە تەمەنیان لەنێوان١٥ساڵیدایە ساڵانە دەچنە نێوتۆرەکانی لەش فرۆشیەوە.

ساڵانەش زیاد لە(٢٠٠٠)ژن لەودەوڵەتانەی کەبەشێک بوون لەیەکێتی سۆڤیەتی پێش رووخانی، تەهریب دەکرێنو بەرەو دەوڵەتانی ئەوروپاو عەرەبی دەگوێزرێنەوەو ناچاردەکرێن بەبەرجەستە کردنی بەدڕەوشتی.

لەنێوان هەمووا(١٠) ژنێکیش یەکێکیان قوربانی توندوتیژین لەهند، بەجۆرێک ساڵانە(٥٠)هەزار کچ بەهۆی مارەییەوە دەکوژرێت.

لەرۆژهەلاتی ناوەزراستیش لە ٦٠٪ی ژنانی تورکیا کەلە سەرووتەمەنی پانزە ساڵین رووبەڕووی توندوتیژی یاخود لێدان یان سەرزەنشت کردن دەبنەوە لەسەر دەستی یەکێک لەپیاوانی

خێزانەکانیان لەکاتێکدا لە٥٠٪ی ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە.

لەیەمەنیش ساڵی٢٠٠٠ لە٤٦,٦٪ی ژنان دووچاری لێدان و لە٥٤,٩٪دووچاری ڕووبەڕووی ئازاردانی جەستەیی و لە١٧,٣٪ ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی بونەتەوە.

لەمەغریبیش لەهەموو دە ژنێک حەوتیان دەبنە قوربانی توندوتیژی خێزانی و٣٥٪ لەژنانی میسر زیاد لەجارێک لەدەوروبەری هاوسەرگیرییان دووچاری لێدان دەبنەوەو١/٣ی ژنانی ئەوێ لەکاتی سک پڕییاندا ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە ئەمەو حسابی قوربانیەکانی ململانێی چەکداری اعیراق و جەزائیرو بەلقان انەکراوە کە پڕن لەدیاردەی لاقەکردن و کوشتن و سزادان.

# جەزائیر

# لەنێوان تاوانەکانی
# ناموسپارێزیو سەودای
# هاوسەرگیریدا
# هەڵبژاردن ئاستەمە

ئەوشتەی کەسەرنج رادەکێشێ لەوکاتەی هەوڵی قسەکردن دەدەیت لەتاوانەکانی ناموس پارێزی لەجەزائیر بریتی‌یە لەکەمی زانیاریە رەسمیەکانی تایبەت بەم دیاردەیە یاخود بەمانایەکی‌تر وون بوونی ئەم زانیاریانە،لەسەر ئەوکەسەش کەدەیەوێت لەم دیاردەیە بگەرێت پێویستە پەنا بباتە بەرلاپەرەی تاوانەکانی نێو رۆژنامە رۆژانەییەکان، کە چەندی‌ی هەواڵ لەخۆدەگرێت لەبارەی چەند سزایەکی جیاواز کە دادگاکان لەبەرامبەر کە سانێک دەری کردووە کە بەلێدان یاخود تەنانەت کوشتن تۆڵەی خۆیان کردۆتەوە لەوکەسانەی کە هەڵیان کووتاوەتە سەرناموسی یەکێک لەکچانی خێزانەکەیان.

بەلام چەندی‌ی لێکۆڵینەوە هەیە کەباس لەتاوانەکانی ناموس پارێزی دەکات لەجەزائیرو خوێندکارانی زانستی کۆمەڵایەتی زانکۆکان پێ‌ی هەستاوون لەوانەش نامەیەکی ماجستێرە کە دووساڵ لەمەوبەر لەزانکۆی شاری(وەهران)گفتوگۆی لەسەرکرا. لەوئاکامانەی کەخوێندکار(م.زیاد)پێ‌ی گەیشتوە ئەوەیە کە بەتەنها ناوچەی رۆژئاوای وولات، لەو ساڵەی کە لێکۆڵینەوەکەی تیادا کراوە(٥٠٠) حاڵەتی لەوجۆرەی بەخۆوە بینیوەو ئەم خوێندکارەش دانی بەوەداناوە کە بەرێوەبەرانی کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان هیچ زانیاریەک لەبارەی ئەم مەسەلانە ناخەنە بەردەست،و دەڵێت لاپەرەی تاوانەکان و راپۆرتەکانی پۆلیس رێگەیان پێداوە بۆ تەواو کردنی سەرژمێریەکەی. بەپێ‌ی لێکۆڵینەوەکە دەرنەخستنی شەرمەزارییەکە والەخێزانەکان دەکات کە ئەم مەسەلەیە تەکەتووم بکەن و راینەگەیەنی لەراستیدا جەزائیر لەزۆرێک لەوولاتە عەرەبیەکان جیاوازترە لەرووی لێبوردن لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەوکەسەی کە ناموسی کچەکانیان لەکەدار

دەکەن، کاتێک سەرۆکی خێزانەکە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کچەکەی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەیە هەڵدەستێ نیشانی پزیشکی تایبەتی دەداتو هەرکاتێک کە تاقیکردنەوەکان ئەوەی دەرخست کەکچەکەی کچێنی لەدەست داوە، پەیوەندی بەکوڕەکەوە دەکاتو داوای لێ دەکات کچەکەی بخوازێت، لەزۆرێک لەحاڵەتەکاندا پرۆسەی هاوسەرگیریەکە تەنها دوای چەند هەفتەیەک لەڕووداوەکە سازدەکرێت، لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێک لەجەزائیرییەکان لەهەردوو رەگەزەکە ئەم ڕێگەیە بەرێگە چارەسەریەکی باش دەبینێ بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کچێک یان کوڕێک دا کە خێزانەکانیان رەزامەندییان نەنواندووە لەسەر هاوسەرگیرییان.

لەزۆربەی بارەکانیشدا هەردوو ئەوەیندارەکە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن بەڵام پەیوەندییان بەخێزانی کچەکەوە دەپچڕێت، بەڵام دواتر بەخێرایی ئەم پەیوەندییە تازە دەکرێتەوە بەتایبەتی ئەگەر هاوسەرگیریەکە چەند ساڵێکی زۆری خایاندو لەمەش دایکەکە رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بۆ هێور کردنەوەی هاوسەرەکەیو باوکی کچەکە تاوەکو لەهەڵەی کچەکەی ببورێت!؟

بەڵام ئەگەر راپۆرتی پزیشک ئەوەی دەرخست کە کچەکەی نامووسی لەدەست داوەو تاوانبارەکەش هاوسەرگیری رەت بکاتەوە، لێرەدا لەنێوان ئەودوولایەدا لەبەردەم دادگادا شەڕێک هەڵدەگیرسێت وەک باویشە زۆرتریێ داواکاری باوکی قوربانیەکە ئەوەیە کە تاوانبار هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەی بەهەند وەربگرێت، ئەگەر ئەمەی رەت کردەوە ئەوادەخرێتە بەندیخانەوە، لەم کاتەشدا کچەکە لەماڵ دەردەکرێت، زۆرینەیەکی زۆر لەلێکۆڵەرەوان جەخت لەسەر

ئەوەدەکەنەوە کە قوربانیەکان دەبنە سوتەمەنیەکی پیس بەدەستی ئەوتۆڕانەی کار لەبازرگانی سێکسی دەکەن کەلەجەزائیردا گەشەی سەندووە.

بەڵام لەناوچە دواکەوتوو لادێکانی جەزائیردا، زۆرجار خێزانەکان ڕێی تەقلیدیو سامناک بۆ تەندروستی ژنەکە دەگرنە بەر، بۆ لەناوبردنی کۆرپەکە، وون بوونی هەرڕۆشنبیریەکی سێکسی وا دەکات کە دەرکەوتنی نیشانەکانی سک پڕی تاکە بەڵگەیەک بێت بۆ ئەوەی کە(کارەساتێک یان لەکە داریەک)لەئارادایەو دەبێت کۆرپەکە لەناو ببرێت، پێش ئەوەی بەدوای تاوانباردا بگەڕێت.. وەک ئاماژەدانێکیش ژمارەیەک لەو خێزانانەی کە سەرکەوتی بەدەستاهێنی لەجێبەجێ کردنی پرۆسەی لەباربردنەکە هەڵدەستن بەگرتنە خۆی منداڵە ناشەرعیەکە کە پێش ئەوەی لەدایکبێت دایکەکە دوور لەخەڵکی دایدەنێت و دواتر دەیدەنە یەکێک لەتاکەکانی خێزان

بەڵام لەبەرئەوەی داروديوار گوێی هەیە، ئەدا دواتر ئەومنداڵە کاتێک بەرەو فرۆشگایەکی ناوچەکەی دەکەوێتە ڕێ بۆشت کڕی، ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە بەچەندی ناوناتۆرە لەهەمووشیان بەناوبانگ تر پێی دەڵێ(کوڕی زۆڵ)!؟

# نەتەوە
# یەکگرتووەکان:
# ژنان چەوساوەن

ئەوراپۆرتەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردەوە ئەوەی دەرخست لەنێوان سێ‌کچ لەجیهاندا یەکێکیان روبەڕووی لێدان و ستەم دەبێتەوە بەهۆی مومارەسەکردنی سێکس یاخود لەجۆرێک لە جۆرەکان دووچاری خراپی لەمامەڵەکردن دەبێتەوە، زۆربەی ئەم پێشێلکارانەی مافەکانی ژنانیش لەرێی مرۆڤێکەوە دەکرێ کە بەباشی دەیناسێ.

راپۆرتی ساڵانەکەش لەبارەی رەوشی دانیشتوانی جیهانەوە دەڵێ:توندوتیژی بەرجەستە کراوی دژ بەژنان و کچان تاهەنووکەش بۆتە کۆسپێک بۆ نەشوونماکردنی رەگەزەکەیان.

بەپێی گوزارەی-ئەلیکس مارشاڵ-نووسەری ئەوراپۆرتەی کە لەلایەن سندوقی دانیشتوانی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوکرایەوە، ووتی ژنان لەمنداڵیەوە هەتا گەورەبوون جیاکاری لەدژی پیادەدەکرێت هەروەک چۆن راپۆرتەکە جەختی لەسەر ئەوەکرد کە ژنان تەنانەت لەبەدەست هێنانی مافەسەرەکیەکانیان وەک فێربوون و چاودێری تەندروستیەوە دووچاری جیاکاری بوون هەروەها سەرەڕای مامەڵە کردنی ناشیریی و توندوتیژی لەبەرامبەر ژنان ئەوا هەلی کارکردنیان بەیەکسانی چنگ ناکەوێت بەهاوشێوەی، پیاوان کە بەئاسانی ئەم کارە بەدەست ئەهێنێ.

راپۆرتەکە وادەبینێ کە خراپی جیاکاری دژی ژن بەتەنیا لەسەر تاکەکان کاریگەری نیە بەڵکو بەسلبی دەکەوێتە سەر گەشەکردنی ئابووری میللی، هەروەک چۆن راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەدات کە جیهان ساڵانە(٨٠)ملیون حاڵەتی سک پڕی بەزۆر بەخۆوە دەبینێ و(٥٠٠)هەزار حاڵەتی مردن لەکاتی لەدایک بووندا لەدەوڵەتە دواکەوتووەکاندا بونی هەیە، هەروەها ساڵانە(٢٠)ملیون نەشتەرگەری لەباربردن دەکرێ

کەلەوپەڕی حاڵەتی ترسناکیدا جێبەجێ دەکرێت، سەرەڕای(١٠٠)ملیون پرۆسەی خەتەنەکردنی کچان پیادەدەکرێت، بەپێی ڕاپۆرتەکەش ئەوا ساڵانە(٦٠ )ملیۆن منداڵی کچ بەهۆی لەباربردنەوە لەناودەبرێی یاخود کوشتنی کچان بەبیانووی شۆردنەوەی لەکەداری.

ڕاپۆرتەکەش وادەبینێ کە زۆرکردن لەژنان بۆ مومارەسەکردنی سێکس لەئەفریقا هاوکارە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز کە مەترسیەکی گەورەیە بەسەر بواری مرۆیی و ئابووری. بانکی نێودەوڵەتیش بەهای ئەوزەرەرەی کارکردنەی کە بەهۆی نایەکسانی نێوان دوو ڕەگەزەکە بەنزیکەی(٤)ملیار دۆلار مەزەنە دەکات.

لەکەنەدا، بەهای ئەو زەرەری بەرهەم هاتوو لەتوندوتیژی دژ بەژنان بەنزیکەی(٧٠٠)ملیون دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکری و ژنان سێیەکی ژمارەی بێبەشەکان لەمافی فێربوون لەجیهاندا پێکدە هێنێ، کە ژمارەیان بە(٨٠٠)ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێ.

بانکی نێو دەوڵەتی مەزەندەی ئەوەدەکات کە زیادبوونی ڕێژەی کچان لەخوێندنگە ناوەندیەکان بەرێژەی لە١٪دەبێتە هۆی زیاد کردنی ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری.

ڕاپۆرتەکە لەدواجاردا داوا لەحکومەتەکان دەکات کە بریاری جەوهەری بدەن لەڕووی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکەوەو ڕێگەدانان بۆ وەستانی جیاکاری دژی ژنان تاوەکو جیهان گەشەبکات و مافەکانی مرۆڤ بەرقەراربێت.

## سەرچاوەكان:

*سایتی (بی.بی.سی. ئۆنلاین).
*ڕۆژنامەی- الحیاة- ژ/١٥٠٧٢- ٢٠٠٤/٧/٣ كە بەھەلەفێك لەسەر بابەتی نامووسپارێزی چەند وتارێكی بڵاوكردۆتەوەو نووسەرانی وتارەكانیش بریتین لە:
قاسم حمادی، حسین حمزە، جوسلین حداد الدبس، أمینە خیری، عزیز سعیدانی، بیاری أبی صعب، أبراھیم بادی، موسی برھومە.



لەبڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کورد